مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
Kirkuk University Journal Humanity Studies
ISSN (Print): 1992-1179 | ISSN (Online): 3107-3360
kujhs.uokirkuk.edu.iq
Volume 21 • Issue 2 • June 2026 | 2026 المجلد 21 • العدد 2 • حزيران

# Soviet Union's Position on the Iraqi Crisis (1980-1991)

Lect. Dr. Nahro Ismael Muhammad
Department of history, Collage of Arts, Salahaddin University-Erbil
nahro.muhammad@su.edu.krd

| معلومات البحث |
| --- |
| تاريخ الاستلام 27 /03/2026 |
| تاريخ التعديل 18/04/2026 |
| تاريخ القبول 26/04/2026 |
| تاريخ النشر 15/6/2026 |
| نوع البحث بحث اصيل |
| Doi: 10.32894/1992-1179.2026.168492.1377 |
| IRAQI Academic Scientific Journals https://iasj.rdd.edu.iq |

الباحث المسؤول :
محمد, نهرو. (٢٠٢٦). 'موقف الاتحاد السوفيتي من الأزمة العراقية(١٩٨٠–١٩٩١) ، مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية ، المجلد ٢١ العدد ٢ حزيران . ص ص ٥٦٤-٥٩٣
Doi: 10.32894/1992-1179.2026.168492.1377

***Abstract :*** This article analyzes the Soviet Union's attitude toward Iraq from 1980 to 1991, a period considered one of the most tense phases in the Middle East during the Cold War. It examines the main dimensions of Soviet–Iraqi relations during the eight-year Iran–Iraq War and highlights the ambivalence of Soviet foreign policy, which contributed to the prolongation of the conflict.

The article further discusses the impact of the international crises of the late 1980s and early 1990s, including Iraq's invasion of Kuwait and the Gulf War, as well as Moscow's diplomatic position within the United Nations. It emphasizes the Soviet Union's gradual retreat from unconditional support for Baghdad in favor of a more balanced and multilateral approach. This shift was driven by internal transformations within the Soviet Union and changes in the international balance of power. Following the collapse of the Soviet Union, the newly formed Russian Federation increasingly sought to reorient its foreign policy toward the West, particularly toward closer relations with the United States.

**Keywords:** Soviet Union, Iraq, Kurds, relations, foreign policy, United Nations, Kuwait, Iran.

# موقف الاتحاد السوفيتي من الأزمة العراقية(١٩٨٠-١٩٩١)

م.د. نهرو اسماعيل محمد
قسم التاريخ- كلية الاداب -جامعة صلاح الدين – اربيل
nahro.muhammad@su.edu.krd

**الملخص**

تحلل هذه المقالة الاكاديمية موقف الاتحاد السوفيتي من العراق خلال الفترة (١٩٨٠–١٩٩١)، وهي مرحلة مفصلية و معقدة في تاريخ الشرق الأوسط والحرب الباردة. وتتناول الدراسة الابعاد الرئيسة لطبيعة العلاقات السوفيتية–العراقية في سياق الحرب العراقية–الإيرانية، التي دامت ثماني سنوات مسلّطة الضوء على ازدواجية السياسة الخارجية للاتحاد السوفيتي وأثرها في إطالة أمد الصراع. كما تبحث المقالة في تداعيات الأزمات الدولية أواخر الثمانينات و اوائل التسعينيات من القرن الماضي ، وعلى وجه الخصوص غزو العراق للكويت واندلاع حرب الخليج الثانية، محللا الموقف الدبلوماسي لموسكو داخل مؤسسة الأمم المتحدة. وتخلص الدراسة إلى أن السياسة الخارجية للاتحاد السوفيتي، في ضوء التطورات الداخلية التي شهدها، قد عرفت تراجعًا تدريجيًا عن دعمها غير المشروط لبغداد، واتجهت نحو تبنّي نهج مختلف أكثر توازنًا، وذلك بفعل التحولات البنيوية التي أصابت النظام الدولي وأُسسه. ومع انهيار الاتحاد السوفيتي وقيام روسيا الاتحادية، سعت الأخيرة، منذ عام ١٩٩١، إلى إعادة توجيه سياستها الخارجية نحو الغرب, خصوصا تعزيز علاقاتها مع الولايات المتحدة الامريكية.

**الكلمات المفتاحية :**الاتحاد السوفيتي، العراق، الأكراد، العلاقات، السياسة الخارجية، الأمم المتحدة، الكويت، إيران.

## هەڵوێستی یەكێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە قەیرانی عێراق (١٩٨٠-١٩٩١)

د.نەهرۆ ئیسماعیل محمد
كۆلێژی ئاداب- بەشی مێژوو- زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر

پوختە

ئەم توێژینەوەیە شیكاری بۆ هەڵوێستی یەكێتی سۆڤیەت بەرامبەر كۆماری عێراق دەكات لە ساڵانی(١٩٨٠ – ١٩٩١)، كە بە ئاڵۆزترین ماوەی رووداوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لەسەردەمی جەنگی سارد ئەژماردەكرێت. هاوكات لە بوارە سەرەكی و گرنگەكانی پەیوەندیەكانی سۆڤیەت و عێراق دەكۆڵێتەوە لە ماوەی جەنگی یەكەم و دووەمی كەنداو، هەروەها خستنە ڕووی هەڵوێستی دوو فاقیانەی سیاسەتی دەرەوەی یەكێتی سۆڤیەت لەو نێوەندەدا كە هۆكارێک بوو بۆ درێژەكێشانی جەنگەكە، جگە لەمەش چوار چێوەی توێژینەوەكە هەڵوێستی یەكێتی سۆڤیەت لە نەتەوە یەكگرتووەكان بەرامبەر بە پرسی كورد لە خۆدەگرێت، كە بەهۆی جەنگەكەوە ناوچەكانی یەكدیان تووشی كۆمەڵكوژی و بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی كردەوە.
هەر لە ناواخنی توێژینەوەكەدا تیشكمان خستوتە سەر كاریگەرییەكانی ئەو قەیران و تەنگژە نێودەوڵەتیانەی كە لەكۆتایی هەشتاكان و سەرەتای نەوەدەكاندا دەركەوتن لەوانەش لەشكركێشی سوپای عێراق بۆ سەر كوەیت و شەڕی كەنداو و دەركەوتنی پێگەی دیپلۆماسی مۆسكۆ لە نەتەوە یەكگرتووەكان لەهەمبەر قەیرانی عێراق و پاشەكشەی وردە وردەی یەكێتی سۆڤیەت لە پشتیوانی بێ مەرج بۆ بەغدا، توێژینەوەكە ئەوە دەردەخات كە ستراتیژیەتی سۆڤیەت لە هاوبەشییەكی پراگماتیک لەگەڵ ڕژێمی (سەدام حوسێن)ەوە پەرەی سەند بۆ پێگەیەكی هاوسەنگتر و فرەلایەنە، بێگومان ئەمەش بەهۆی گۆڕانكارییە ناوخۆییەكانی یەكێتی سۆڤیەت و گۆڕانی بنەماكانی هاوسەنگی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا، بەتایبەتی دوای هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەت ڕووسیای نوێ هەوڵیدا ئاراستەی پەیوەندییەكانی بەرەو رۆژئاوا بێت، خۆی لە هەر جۆرە پەیوەندییەک بە ڕژێمی عێراق بەدوور گرت لە پێناو بەدەستهێنانی پێگەو ناوبانگی نێودەوڵەتی و نزیك بوونەوە لە ئەمریكا.

**كلیلی وشەكان:** یەكێتی سۆڤیەت، عێراق، كورد، پەیوەندییەكان، هەڵوێست، نەتەوەیەكگرتوەكان، كوەیت، ئێران.

**پێشەكی:-**

تێگەیشتن لە تایبەتمەندیەکانی هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە کۆماری عێراق، بریتیە لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە ماوەی ئاماژەپێکراودا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

یەکێتی سۆڤیەت بەدرێژایی مێژوو پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی عێراقدا هەبووە، بەو پێیەی یەکێک بووە لە هاوبەشە ستراتیژیەکانی یەکێتی سۆڤیەت-ڕووسیا لە جیهانی عەرەبیدا، هەرچەند پەیوەندیەکانی نێوان سۆڤیەت و عێراق زۆرجار بە ئاستی جیاواز تێپەڕیووە و بەرزونزمی بەخۆوە بینیوە، بەهۆی شەری یەکەمی کەنداو عێراق بووە نزکترین هاوبەشی یەکێتی سۆڤیەت کۆمەکی سیاسی و سەربازی عێراقی دەکرد، بەڵام جەنگی کوەیتەوە لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە عێراق ڕووبەڕووی ناسەقامگیری ئەمنی وسیاسی و دارمانێکی گەورەی ئابووری بوویەوە کە تەواوی ئەو گۆڕانکاریانەش لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراق ڕەنگیدایەوە، لەدواجاریش کاریگەری خستەر پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و تەواوی کۆمەڵگای جیهان، ئەمەش وایکرد لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گۆشەگیر بکرێت، ئاسان نەبوو دەوڵەتان بتوانن پەیوەندی دبلۆماسی و ئابووری و بازرگانی لەگەڵ عێراق ببەستن، لەم سۆنگەشەوە توێژینەوە لە ماوەی قەیرانی داگیرکردنی کوەیت گرنگی تایبەتی هەیە بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی ڕووسیا سەبارەت بە قەیرانی عێراق چونکە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی ڕووسیای نوێ بووە هۆی گۆڕینی تەواوی پەیوەندییە ئابووری و سیاسیەکانی نێوان ڕووسیا و عێراق، لەو هەلومەرجەشدا ڕووسیا نەیتوانی ڕووبەڕووی هەژموون و ئامانجە ئابووری و سیاسیەکانی ئەمریکا ببێتەوە، بۆیە دەستیکرد بە سەرکۆنەکردنی عێراق و ڕاگرتنی کۆمەك و پاڵپشتیکردن، بە کردەوە خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کشاندەوە، ئەمەش لە داهاتوودا دەرفەتی بۆ باڵادەستبوونی ئەمریکا ڕەخساند وەك گەورەترین هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست.

ئامانجەکانی توێژینەوەکەش دەرخستنی تایبەتمەندی پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت عێراقە لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران و داگیرکردنی کوەیت، کارلێکی سۆڤیەت پاشان ڕوووسیا لەسەر پرسی عێراق لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەروەها دەرخستنی هەڵوێستی سۆڤیەت-ڕووسیا بەرامبەر پرسی کورد، کە سەردەمانێک هاوکێشەیەکی گرنگ بوو لە دیارکردنی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و عێراق.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە زیاتر پشت بە سەرچاوە ڕووسیەکان لەوانەش هەندێک بەڵگەنامەی نهێنی ئەرشیفخانەکانی ڕووسیا ببەسرێت، ئەمەش وادەکات هەندێك زانیاری وورد و سەرنجڕاکێش کە تا ئێستا لە لایەن توێژەرانەوە باس نەکراوە سەرباربخەین.

**تەوەرەی یەکەم: هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی قەیرانی یەکەمی کەنداو(١٩٨٠-١٩٨٨)**

**١-١: کاریگەری شەڕی(ئێران- عێراق) لەسەر پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و عێراق**

دوای ئەوەی شۆڕش لە ئێران لەساڵی ١٩٧٩ دەستی پێکرد، ئەمریکا دەستی کرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی وروژاندنی ناکۆکی و نانەوەی ئاژاوە لە نێوان ئێران و عێراقدا، بەتایبەت سەرکردایەتی عێراق لە ڕێگەی دەزگای هەواڵگری سی ئای ئەیەوە(CIA) زانیاری ناڕاستی سەبارەت بە لاوازی سوپای ئێران و بەهێزی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە دەسەڵاتدارانی عێراق دەدا، بەغدای دڵنیاکردەوە سەرکەوتنێکی خێرا و چارەنووسساز بەدەست دەهێنێت. دوای هەوڵە شکستخواردووەکەی ئەمریکا لە مانگی نیسانی ١٩٨٠ بۆ ڕزگارکردنی دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکان کە لە ئێران بە بارمتە گیرابوون، ململانێیەکانی نێوان ئێران و

عێراق زیاتر پەرەیان سەند. سوودی سیاسەتی دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان عێراق و ئێران بۆ ئەمریکا بریتی بوو لە یەکەم: زەمینەسازی بۆ بەهێزکردنی هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و ڕێگریکردن لە فروانخوازی پەیوەندییەکانی سۆڤییەت لە کەنداوی فارس بەتایبەتی لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و عێراق گەیشتبووە لوتکە، دواتریش گریمانەی بەشداری ڕاستەوخۆ لە ڕووداوەکاندا ئەگەر پێویست بکات. دووەم: لادانی سەرنجی عێراق لەسەر دوژمنە ڕاستەقینەکەی کە وڵاتی ئیسرائیلە، چونکە لەو ماوەیەدا نیگەرانیەکانی ئیسرائیل زیاتر بوو کاتێک هەستیان بەهاوکارییە سەربازی و تەکنیکیەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ عێراق کرد(Ali, 25June 2015, P2). سێیەم: ڕوودانی هەر شەڕێك لە نێوان ئێران و عێراق بێگومان هەردوو وڵات لاواز دەکات، لە کاتێکدا هەردووکیان دژی ئیمپریالیزم و ئەمریکان بە ئاستی جیاواز(.Белоусова, Вестник. С. А. Есенина, № 2 (12), 2005, С2). ئەوەبوو لە ١٧ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠ سەدام حسێن دەستبەرداری پەیماننامەی جەزائیری(١٩٧٤)بوو، چونکە ئەو ڕێککەوتنامەیەی بە سەرشۆڕی دادەنا لەگەڵ شای ئێران ئەنجامیدابوو، کە دەبووە مایەی گۆڕینی سنوور بەدرێژایی شەتولعەرەب( ناچاری دەکرد سنووره ئاویەکەی بەدرێژایی کەناری ئێران جێبهێڵێت(پێش ئەم ڕێککەوتنە لە ساڵی ١٩٧٣ەوە، تەواوی ڕووبارەکە بە ئاوی خاکی عێراق دادەنرا). ئامانجێکی دیکەی سەدام ئەوە بوو کە ئێران ناچار بە کشانەوەی سوپاکەی لە هەرسێ دوورگەکەی گەرووی هورموز ( ئەبو موسا، تونبی گەورە و بچووک) کە لە ساڵی ١٩٧١ەوە دەستی بەسەردا گیرابوو بکات، هەروەها پارێزگای خوزستانی دەوڵەمەند بە نەوت لە ئێران بسەنێتەوە کە زۆربەی دانیشتووانەکەی عەرەبن. ئەمە سەرباری ئەوەی کە سەرکەوتن لە شەڕی دژ بە ئێران دەتوانێ ببێتە پاساوی داخستنی سنووری ئێران لەگەڵ کوردستانی عێراق، کە بەبێ ئەو سنوورە سەدام نەیدەتوانی بزووتنەوەی کورد سەرکوت بکات، هەروەها لە لایەکی دیکەوە بەغدا نیگەران بوو لە چالاکی شیعەکانی عێراق دوای دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی شیعە مەزهەب لە ئێران، کە خومەینی بەتەواوەتی دژایەتی خۆی بۆ سەدام حوسێن و ڕژێمەکەی دەردەبڕی(.Примаков, Москва, «Российская газета» 2006, С316).

لە ٢٢ ئەیلولی ١٩٨٠ سەربازانی عێراق بە چوار فیرقەوە هێرشیان کردە سەر ئێران، لە ماوەی شەش هەفتەی یەکەمی شەڕدا دەستپێشخەرییان ئەنجامدا و بەشێک لە ناوچەکانی پارێزگای خوزستانی دەوڵەمەند بە نەوتیان دەست بەسەرداگرت، لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕەکەدا سەرکردایەتی سۆڤیەت لەشکرکێشی عێراقی بۆ سەر ئێران شەرمەزار کرد و داوای کشانەوەی هێزەکانی عێراقی کرد بۆ سەر سنوورە نێودەوڵەتیەکانی خۆیان. سەرەڕای بەستنی پەیمانی دۆستایەتی ساڵی ١٩٧٢سۆڤیەت و عێراق و پەرەسەندنی پەیوەندییە سیاسی و ئابووریەکانی نێوان مۆسکۆ و بەغدا، بەڵام سەدام حوسێن سەرۆك کۆماری عێراق بەبێ هیچ ڕاوێژێکی پێشوەختە و تەنانەت ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی مۆسکۆ لەشکرکێشی بۆ سەر وڵاتی ئێران ئەنجامدا(.Хитрухина, Москва, 2003, С31). ئەمەش نارەزایی مۆسکۆی لێکەوتەوە، ئەوەتا پریماکۆڤ دەڵێت: **"چەند ڕۆژێک پێش شەڕەکە سەدام دڵنیایی بە أ.بارکۆڤسکی باڵیۆزی سۆڤیەت لە عێراقدا لە ئایندەیەکی نزیکدا هیچ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی گەورە دژی ئێران ئەنجام نادات". بارکۆڤسکی وەک دەبوو بیکات، یەکسەر ئەم بابەتەی بە مۆسکۆ ڕاگەیاند. ئەم جۆرە زانیارییە ناڕاستانە نارەزایی جددی کرێملینیان لێکەوتەوە، بڕیاردرا دابینکردنی چەک بۆ عێراق ڕابگیرێت " (**Примаков.Е., Москва, «Российская газета» 2006, С316). هەرچەندە لەسەرەتای شەڕەکە یەکێتی سۆڤیەت بێلایەنی خۆ نیشاندا، لەم بارەیەوە باڵیۆزی ئێران ڕایگەیاند **"سوپاسی یەکێتی سۆڤیەت دەکەین، چونکە هەست دەکەین هەڵوێستێکی بێلایەنی گرتۆتەبەر لە ململانێی کەنداودا(** Oles

(M., Bettie M., London, 1991, P231.)، بەڵام ئەم بێلایەنیە تا سەر نەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق چەندجارێک سەردانی مۆسکۆیان کرد.

له ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٨٠ تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی عێراق سەردانی مۆسکۆی کرد، مەبەست لە سەردانەکەی ڕوونکردنەوە بوو بۆ هۆکارەکانی بڕیاری سەدام حوسین بۆ داگیرکردنی بەشێکی ئێران و دەستەبەرکردنی پشتیوانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ عێراق، سەردانەکەی لە وتارێکی کورتدا لە ڕۆژنامەی پراڤدا[1] بڵاوکرایەوە، ڕوون بوویەوە مۆسکۆ لە ڕادەبەدەر ناڕازیە لەم هەنگاوەکانی عێراق و داواکارییەکانی بۆ هاوکاری سەربازی ڕەتکردەوە( Oles M., Bettie M., London, 1991, P231.). لەشکرکێشی سوپای عێراق بۆ ناو خاکی ئێران دۆخێکی شۆکهێنەری بۆ مۆسکۆ دروست کرد، پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و عێراق گەیشتە نزمترین ئاست، یەکێتی سۆڤیەت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ناردن و گەیاندنی هەموو کەرەستەیەکی سەربازی بۆ عێراق ڕاگرت، تەنانەت ئەو گرێبەستانەی پێشتر لەسەری ڕێککەوتبوون و دەبووا جێبەجێبکرێن بەهۆی باشبوونی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت لەگەڵ ئێران ئەویشی ڕاگرت(تریب، هەولێر، ٢١٣، ل٣١٧)، هەرچەندە بەغداد چاوەڕوانی کاردانەوەی توندو یەکلاکەرەوەی لەم شێوەیەی لە مۆسکۆ نەدەکرد. لیۆنید برێژنیڤ( Leonid Brezhnev) (١٩٦٢-١٩٨٢)لە ڕۆژنامەی پراڤدە ڕایگەیاند(**ئێمە لایەنێك نابین لەم شەڕەی نێوان ئێران و عێراق بۆ ئێمە هەردوو لا وەکو یەکە داواش دەکەین هەردوولا دەست هەڵگرن**)( الطير، مجلة الدراسات التاريخية، مج ٣٧-١٤٤، ٢٠٢١، ص٢٠٥)، بەڵام عێراق ترسی لە پچڕانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەت نەبوو، چونکە پێشوەختە بەشی ئەوەندە چەک وکەرەستەی سەربازی لە کۆگاکاندا کۆکردبووەوە، کە بتوانێت لانیکەم بۆ ماوەی ساڵێک خۆی ڕابگرێت، لە لایەکی دیکەشەوە ئەم هەنگاوە ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا بەهێز بکات، دەیتوانی چەك و تەکنیکی سەربازی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بکڕێت، لەسەرەتادا یەکێتی سۆڤیەت تاڕادەیەک هەڵوێستی دژە عێراقی گرتەبەر، چونکە لە ڕوانگەی مۆسکۆوە شەڕی ئێران و عێراق هەر لە سەرەتاوە هەڵە بوو و دژی ئەوە بوو کە عێراق ئەم شەڕە دەستپێبکات، یەکێتی سۆڤیەتی خستە هەڵوێستیکی نەخوازراوەوە، مۆسکۆی ڕووبەڕووی بژاردەیەکی قورس کردەوە چ هەڵوێستیک بگرێتەبەر - بێلایەنی یان پشتیوانی لە یەکێک لە لایەنە شەڕکەرەکان بکات، هەریەکەشیان لە ڕەهەندێکەوە ستراتیژیەتی خۆی بۆ سۆڤیەت هەبوو، بەڵام لە ڕوانگەی بەرژەوەندیە ئابووریەکانییەوە زۆرجار لە بەرژەوەندی و پشتیوانی عێراق قسەی دەکرد، وادیارە سەدام حوسێنیش ئەوەی لێکدابویەوە سۆڤیەت بەئاسانی پشت لە عێراق ناکات و هاوسۆزیەکی زۆری هەبوو لە ناو دامەزراوە گرنگەکانی سۆڤیەت بۆ عێراق. بۆیە دەسەڵاتدارانی عێراق نەیاندەتوانی ئەو ڕاستییە پشتگوێ بخەن، کە یەکێتی سۆڤیەت دابینکەرێکی سەرەکی چەک بوو بۆ عێراق (الصبروتی، بدون م.س، ص٣٧٢).

له مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١ هێرشی فڕۆکەی ئیسرائیلیی بۆ سەر ڕیاکتۆری ئەتۆمی (تەمووز) لە عێراق، شەپۆلێکی توڕەیی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستکرد، یەکێتی سۆڤیەت ئیدانەی ئەم کارەی کرد. ئەم کارە دوژمنکارانەی ئیسرائیل کاریگەری لەسەر دووبارە بەهێزبوونەوەی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و عێراق هەبوو، لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٨١، جێگری یەکەمی سەرۆکوەزیرانی عێراق تەها یاسین ڕەمەزان بانگهێشتی مۆسکۆ کرا، لە ئەنجامی دانوستانەکاندا ڕێککەوتنێکی دوولایەنە سەبارەت بە هاوکاری درێژخایەنی ئابووری و بازرگانی و تەکنیکی واژۆ کرا، جگە لەوەش گەمارۆی دابینکردنی چەکی سۆڤیەت بۆ عێراق هەڵگیرا. هەر لە ساڵی ١٩٨٢دا، یەکێتی سۆڤیەت جارێکی دیکە

[1] ڕۆژنامەی پراڤدە (Pravda) یەکێک بوو لە گرنگترین و بەناوبانگترین ڕۆژنامەکانی یەکێتی سۆڤیەت.

پێگەی خۆی وەک "دابینکەر"ی سەرەکی چەک بۆ عێراق پشتڕاستکردەوە، نزیکەی ٧٠%ی کەرەستەی سەربازی بۆ عێراق دابین دەکرد( Игоревна, Международные отношения, №. 2, 2015, С55). ئەمە وایکرد یەکێتی سۆڤیەت هاوکارییەکی بەرچاوی سەربازیی پێشکەش بە عێراق بکات(تەنها لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٩، بە بەهای ٢٤.٧ ملیار دۆلار چەك و کەلوپەلی سەربازی(فرۆکە، هەلیکۆپتەر، تانک، تۆپ،...هتد) بە گرێبەست بە عێراق فرۆشت، لەپاڵیشیدا زانیاری هەواڵگری پێدەدا، لەوانەش زانیاری هەواڵگری مانگی دەستکرد. بەمەش نزیکەی ٦٥٪ی داهاتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بیانی لە فرۆشتنی چەکی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ عێراقدا بوو( Мирный., евразийская, адвокатура, 6 (37) 2018, С33. 32).

خشتەی بازرگانی (ملیار دولار)

| ساڵ | هەناردەی سۆڤیەت بۆ عێراق | هاوردەی سۆڤیەت لە عێراق | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- |
| 1980 | ~2.5 – 3.0 | ~0.5 | دەستپێکی جەنگی عێراق–ئێران |
| 1981 | ~3.0 | ~0.6 | زیادبوونی فرۆشتنی چەک |
| 1982 | ~3.5 | ~0.7 | گەشەی پەیوەندی سەربازی |
| 1983 | ~4.0 | ~0.8 | هاوکارییە گەورەکان |
| 1984 | ~4.5 | ~1.0 | قۆناغی بەرزترین هاوکاری |
| 1985 | ~4.0 | ~1.2 | دەستپێکی سەردەمی گۆرباچۆڤ |
| 1986 | ~3.5 | ~1.0 | کەمبوونەوەی هەناردە |
| 1987 | ~3.0 | ~0.9 | گۆڕانکارییە سیاسییەکان |
| 1988 | ~2.5 | ~0.8 | کۆتایی جەنگ |
| 1989 | ~2.0 | ~0.7 | لاوازبوونی ئابووری سۆڤیەت |
| 1990 | ~1.5 | ~0.6 | قەیرانی ناوخۆیی |
| 1991 | <1.0 | ~0.2 | هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت |

هەروەها لەماوەی شەڕی ئێران و عێراق گروپێکی گەورەی پسپۆری راوێژکاریی سۆڤیەت کە نزیکەی(٤٠٠)کەس دەبوون بۆ هاوکاری لە عێراق بوون، هەروەها ژمارەیەکی زۆر سەربازی پلە باڵای عێراق لە یەکێتی سۆڤیەتدا مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرا. جگە لەوەش پشتیوانیکردن لە عێراق ڕێگەی بە یەکێتی سۆڤیەت دەدا بە جیهانی عەرەبی نیشان بدات، کە بەڕاستی بەهێزە و هاوپەیمانی خۆی لەبیر ناکات و پشتگیری دەکات بەهۆی ئەوەی بەغدا هەڵوێستێکی دژە ئیمپریالیزمی و دژە ئەمریکی هەبوو، بۆ مۆسکۆ عێراق هاوبەشێکی زۆر بەنرخ بوو(Smolansky, Duke University Press, 1991, P232.). ئەمە وایکرد لە ئاستی سیاسیدا لێکنزیکبوونەوە لە نێوان مۆسکۆ و بەغدا دروست ببێت، بەتایبەتی هاتنی شاندێکی حکومەتی سۆڤیەت بۆ عێراق بۆ ئاهەنگەکانی ڕۆژی سەربەخۆیی لە ناوەڕاستی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٨١، هێندەی تر پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوانیانی گەرمتر کردەوە. دەبێ ئەوەش بووتری گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیاسەتی مۆسکۆدا پەیوەست بوو بە قەیرانی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و ئێرانەوە(Игоревна, Международные отношения, №. 2, 2015, С56.)، ئارگیومێنتێکی جددی ئەوتۆ لەلایەن مۆسکۆ لە بەرژەوەندی پشتیوانی ئێران لە ئارادا نەبوو، هەرچەندە تەهران بۆ سۆڤیەت پێگەیەکی ستراتیژی هەبوو، چونکە لە رۆژهەڵاتی ئێران سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەفغانستاندا هەبوو، وڵاتێک کە مۆسکۆ لە شەڕێکی ماندووکەر و سەختدا تێیدا نوقم ببوو، لە ئێرانەوە ژمارەیەکی زۆر چەک دەنێردرایە ئەم وڵاتە، مۆسکۆ ئارەزووی وەستاندنی یان لانیکەم کەمکردنەوەی هاوکارییەکانی ئێرانی

دەکرد. خومەینیش بە توندی سیاسەتی دژایەتی کۆمۆنیست و سۆڤیەت و گۆشەگیرکردنی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی گەلی ئێران (توودە) و پشتیوانی لە موجاهیدەکانی ئەفغانستان گرتەبەر، بە ئاشکرا دوژمنایەتی یەکێتی سۆڤیەتی دەکرد. هەروەک خومەینی رایگەیاندبوو:( **ئەمریکا لە بەریتانیا خراپترە بەریتانیا لە ئەمریکا خراپترە. یەکێتی سۆڤیەت لەوان خراپترە. هەمووشیان یەك لەیەکتر خراپتر و پیسترن بەڵام ئەمڕۆ ئێمە خەمی ئەمریکامان هەیە)**((امریکا از انگلیس بدتر، انگلیس از امریکا بدتر، شوروی از هر دو بدتر. همه از هم بدتر؛ همه از هم پلیدتر. اما امروز سر و کار ما با این خبیثهاست!))( صحیفه امام خمینی،جلد ١، صفحه ٤٢). ئەمەو کۆمەڵێك پاڵنەری دیکەش وایکرد یەکیتی سۆڤیەت عێراقی بەلاوە گرنگتر بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەگوترا سۆڤییەت چەکی پێشکەش بە ئێران کردووە. لە ٥ی تشرینی یەکەمدا ڕادیۆی تاران بڵاویکردەوە، لە درێژەی کۆبوونەوەیەکی نێوان عەلی ڕەجایی سەرۆک وەزیران و ڤلادیمێر ڤینۆگرادۆڤ باڵیۆزی سۆڤیەت، ڕایگەیاند: یارمەتی سەربازی درێژخایەنی پێشکەش بە ئێران کردووە. هەرچەندە کرێملین ئەو ڕاپۆرتەی ڕەتکردەوە( Smolansky Oles, Duke University Press, 1991, P232.)، لەراستیدا بەرپرسانی سۆڤیەت دووفاقی بوون ئەوان دەیانگوت(**سۆڤیەت یارمەتییە سەربازییەکان بۆ عێراق بەپێی پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٢ بەڕێوەدەبرێن و مەبەست لێی بەکارهێنانە دژ بە ئیسرائیل..**)( Ibid, P232.).

ئەگەرچی لە راگەیاندنەکان دژی شەڕەکە بوون، بەڵام لە ڕاستیدا سوودمەندی یەکەمی شەڕەکە یەکێتی سۆڤیەت بوو چونکە هەردوو دەوڵەت بۆ سۆڤیەت کڕیاری چەك و کەلوپەلی سەربازی بوون، لەم نێوەندەدا سۆڤیەت قازانجێکی زۆری لەشەڕەکەدا کرد. لە ڕاپۆرتە نهێنی دیپلۆماسییەکانی وەزارەتی دەرەوە جەخت لەوە کرایەوە کە **"سەرکەوتنی ئێران بەتایبەت لە هاتنەکایەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی شیعە مەزهەب لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا ناگونجێت"** چونکە مۆسکۆ لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بۆ قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست ترسی هەبوو، لە هەمان کاتدا یەکێتی سۆڤیەت نەیدەویست ئێران بە تەواوی لەدەست بدات. مۆسکۆ هەوڵیدا هاوسەنگی دروست بکات، لە هەمان کاتدا چەکی "بەرگری" بە ئێران دەفرۆشت و نێوەندگیری پێشکەش دەکرد(Валерьевич, История, № 6, 2009, С45).

بەشێوەیەکی گشتی لەم قۆناغەی شەڕی کەنداو، پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ بەغدا بەردەوام بەرەوپێش دەچوون. هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ململانێکانی کەنداو لە ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٦ بەردەوام بوو. لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٨٦، تاریق عزیز داوای لە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد بۆ "دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ ڕێککەوتن و ڕاگرتنی شەڕ" داواکارییەکانی بەغدا بۆ "کشانەوەی بێ مەرجی هێزەکان" بۆ سنوورە نێودەوڵەتییەکان داوای کرد نەتەوە یەکگرتووەکان لایەنی عێراق بگرێ "ئەگەر ئێران ڕەتییکاتەوە هێزەکانی بکشێنێتەوە". دوای دوو ڕۆژ لە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئی.شێڤاردنادزێ (E.Shevardnadze) (١٩٨٥-١٩٩٠) وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت بە گوتەی ئەو "دۆستی دڵسۆزی هەردوو گەلە"، ڕایگەیاند: **یەکێتی سۆڤیەت هەر ئامرازێکی لەبەردەستیدابێت بۆ ڕازیکردنی دەسەڵاتدارانی عێراق و ئێران بۆ ئاشتی" بەکاردەهێنێت**. لە کۆتاییدا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کۆتایی هێنان بە شەڕەکەی کرد، بەڵام لەلایەن ئێرانەوە ڕەتکرایەوە( Хитрухина, Москва, 2003, С48; Газета правда, 24.06.1986.). هۆکارەکەشی ئەوە بوو عێراق بەتەواوەتی لاوازبوو ئێران لە زۆربەی بەرەکانی شەڕەکە سەرکەوتنی بەدەستهێنا بوو. ئێران ئامانجی ئەوە بوو رژێمەکەی سەدام حوسێن بەتەواوەتی برووخێنێت.

لە ١٨حوزیرانی ١٩٨٧ یو.م. ڤۆرۆنتسۆڤ(Y. M.Vorontsov) نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن سەدام حوسێن پێشوازی لێکرا، ڤۆرۆنتسۆڤ هەڵوێست و پرەنسیپی یەکێتی سۆڤیەتی

ڕوونکردەوە لەسەر بە زوویی کۆتایی هێنان بە شەڕی ئێران و عێراق و یەکلاییکردنەوەی هەموو ناکۆکییەکان بە ڕێگەی سیاسی بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گەلانی هەردوولا، جەختیکردەوە لەسەر پێویستی زیادکردنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی کۆتایهێنان بە ململانێکان بە ڕێگەی چارەسەری سیاسی، ڕایگەیاند ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەم ئاراستەیەدا(МИД, Москва, международные отношения, № 1(1), 5 августа, 1987, С42.).

لە ٢٠ی تەممووزی ١٩٨٧ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەی ژمارە ٥٩٨ی پەسەند کرد، سۆڤیەت پشتگیری لە بڕیارنامەکە کرد، کە تێیدا داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی دوژمنایەتییەکانی ئێران و عێراق و کشانەوەی هێزەکان لە دەرەوەی سنوورە دانپێدانراوە نێودەوڵەتیەکان و ئاڵوگۆڕی دیلەکانی جەنگ، بەغداش ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ملکەچی مەرجەکانی بڕیارنامەکە(Вестник МИД, Москва, международные отношения, №2(2),26 августа 1987, С6.)، چەند خولێکی دانوستانی ڕاستەوخۆی ئێران و عێراق لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەرێوەچوو، ڕەتکردنەوەی سەرکردایەتی ئێران بۆ وەستاندنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بووە هۆی توندبوونەوەی "شەڕی تانکەر" لەلایەن عێراق و بۆردومانی بەرفراوانی شارە گەورەکانی ئێران(Smolansky, Duke University Press, 1991,P270-271.)، تەنانەت بەپێی ڕاپۆرتی ئێران، رژێمی عێراق دەستی نەپاراست لە بۆردومانکردنی دامەزراوەی ئەتۆمی بوشێهر و لایەنی ئێرانی سکاڵای لە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی لە دژی عێراق تۆمار کرد(МИД, Москва, № 9(9), 10 декабря 1987, С40.) ، هەر لەو ماوەیەدا سەدام حوسێن دەستی کرد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی بەرفراوان، ئەمەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو کۆمەڵگەی جیهانیدا بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز کرد. لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشە مووشەکییەکان بۆ سەر شارەکانی ئێران تاران یەکێک بوو لە ئامانجە سەرەکییەکان، پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و ئێران ئاڵۆزتر بوو، بەو پێیەی ئەو مووشەکانەی کە سەربازە عێراقییەکان بەکاریان دەهێنا و تەهرانیان پێ بۆردومان دەکرد، "مووشەکەکانی سکود-بی سۆڤیەت" بوون، گوایە حەشوەکەی لە لایەن عێراقەوە دەسکاریکراوە، سەرکردایەتی ئێرانیش مۆسکۆیان تۆمەتبار کرد لە پشتیوانیکردنی بەغدا، هەرچەندە بەرپرسانی سۆڤیەت ڕەتیانکردەوە ئەم مووشەکانەیان بۆ عێراق دابینکردبێت(Smolansky, Duke University Press, 1991, 270-271.). لە ساڵی ١٩٨٧ محەممەد جەواد لاریجانی جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانێکی کورتی مۆسکۆی کرد، لەگەڵ ئی. شێڤاردنادزێ وەزیری دەرەوە سۆڤیەت کۆبوویەوە، هەردوولا ئارەزووی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و ئێرانیان بە گیانی دراوسێیەتی باش هەڵسەنگاند، بەتایبەتی گفتوگۆ لەسەر بێ لایەنی سۆڤیەت لە شەڕەکە کرا، شێڤاردنادزێ پرەنسیپی یەکێتی سۆڤیەتی سەبارەت بە شەڕی نێوان ئێران و عێراقی خستەڕوو، جەختی لە پێویستی بەپەلەی کۆتایی هێنان بەم شەڕە و یەکلاییکردنەوەی دادپەروەرانەی ململانێی ئێران و عێراق لە ڕێگەی سیاسییەوە لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کردەوە(МИД, № 5(5), 10 октября 1987, С33.)**.** بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە ئێران هیچ نیازێکی نەبوو هەڵوێستی خۆی لە بارەی کۆتایی هێنان بە شەڕەکە بگۆڕیت، لاریجانی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕوونی ئەوەی خستەڕوو کە تاران تەنیا دوای ئەوەی عێراق بە دەستدرێژکار ناوزەد دەکرێت و قەرەبووی ئەو زیانانەی بە ئێران کەوتووە بکاتەوە، بە جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ ڕازی دەبێت(Smolansky , Duke University Press, 1991, 264.)**.**

ڕەتکردنەوەی ئێران لە هاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایش، ئارگومێنتی واشنتۆنی لە بەرژەوەندی گەمارۆی گشتگیری چەک دژی کۆماری ئیسلامی بەهێزتر کرد. یەکێتی سۆڤیەت ڕەتیکردەوە پشتگیری لە گەمارۆی چەک بکات، چونکە سۆڤیەت ئارەزووی دۆستایەتیکردنی ئێرانی دەکرد، ئەمەش بەغدای تووڕە کرد. تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی عێراق یەکێتی سۆڤیەتی بە "بەربەستێک لەبەردەم هەوڵەکانی ئاشتی" ناوزەد کرد. هەرچەند سۆڤییەت هەوڵیدا پاساو بێنێتەوە سەرزەنشتی ئێرانی کرد لە درێژەدان بەو شەڕە، لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمدا یەکێتی سۆڤیەت هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە شەڕی کەنداو یەکلایکردەوە. لە میانەی گفتوگۆکانی نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، سۆڤیەت ڕازی بوو "لەسەر گەمارۆی چەک لە دژی ئێران، بە مەرجێک گەمارۆی دەریایی لە ژێر ئاڵای نەتەوە یەکگرتووەکاندا جێبەجێ بکرێت".( Smolansky, Duke University Press, 1991, P264 )

"پێداگری سۆڤیەت لەسەر دروستکردنی هێزی دەریایی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کەنداوی فارس، کە ئەمریکا دژی بوو. لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩٨٨، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆرج شوڵتز(George Shultz) (١٩٨٢-١٩٨٩) بە ئاشکرا سکاڵای کرد، گووتی: یەکێتی سۆڤیەت هیچ مەیلێکی نیشان نەداوە بۆ بەردەوامبوون لە داڕشتنی بڕیارنامەی گەمارۆی چەک. وادیارە سۆڤیەت لە پێناو زیاتر فرۆشتنی چەك و تەقەمەنیەکانی خۆی ئامادەنەبوو پەسندی بڕیاری گەمارۆی چەك قبوڵ بکات( Ibid, P264).

ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨، سەربازانی ئێران پێشڕەوییان کردبوو بۆ قوڵایی خاکی عێراق، بەتایبەتی لە بەرەی باشوور(فاو، بەسرە) و باکوری عێراق. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ ئێران نیمچە دورگەی فاوی کۆنترۆڵکرد و هەڕەشەی نزیکبوونەوە لە ناوچە نەوتییەکان و بەغدا کرد. ئەمە بۆ سەدام حوسێن بە مانای شکست بوو لە شەڕەکە، کە دەتوانێت رژێمەکەی لەناوببات، چەکی کیمیایی بوو بە "دوا ئارگومێنت" بۆ ڕاگرتنی ئێران. هاوکات "شەپۆلی مرۆیی" بەکۆمەڵی ئێرانییەکان بەردەوام بوو لە ناردنی دەیان هەزار خۆبەخشی بەسیج و پاسەوانی شۆڕش بۆ پێشەوە پاشەکشەیان بە سوپای عێراق کرد. ئێران لەرووی هێزی مرۆیی باڵادەستی هەبوو، عێراق خاوەنی ئەو جۆرە سەرچاوە مرۆییە نەبوو و بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی پێشڕەوی جەماوەری ئێران بوەستێنێت. چەکی کیمیایی بوو بە "ئامرازی قەرەبووکردنەوە" بۆ نەبوونی هێزی مرۆیی و ڕووخاندنی ورەی سەربازە ئێرانییەکان.

هێرشە کیمیاییەکانی عێراق بە(گازی خەردەل، سارین) ڕێگەی بە لەناوبردنی پێکهاتە هێرشبەرەکانی ئێران دەدا پێش ئەوەی بگەنە پێگەکانی عێراق، سوپای عێراق و هێزە تایبەتەکانی عێراق نەک تەنها دژی ئێران، بەڵکو لە دژی گوندە کوردنشینەکان چەکی کیمیاوییان بەکارهێنا. بەناوبانگترین حاڵەت شاری هەڵەبجە بوو (ئازاری ١٩٨٨) کە چەندین هەزار هاونیشتیمانی مەدەنی گیانیان لەدەستدا. بەم شێوەیە هێرشەکانی عێراق بۆ سەر ئێران و کوردی باشوور ئامانجێکی هاوبەشیان هەبوو، ئەویش شکاندنی بەرخۆدان و نیشاندانی ئیرادەی ڕێژیم بوو بۆ مانەوە. تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨ عێراق دەستی بە هێرشی چەکی کیمیایی کرد. زیان و ترسناکیی ماددە ژەهراویەکان ڕۆڵی هەبوو لەوەی کە سەرکردایەتی ئێران ڕازیببێت بە ئاگربەست و (بڕیارنامەی ژمارە ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان)( Абалян, Вестник. Международные отношения, №.2, 2015, С59.)، سەرەڕای بەڵگەی زۆر لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەرم بوو. یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستی و ئەو وڵات و ڕژێمانەی کە بە "پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری" پەیوەست بوون بە بەعسیەکانەوە بێدەنگ بوون. بە شێوەیەکی تایبەتمەند، هەموو "جیهانی ئیسلامی" و ڕێکخراوە ئیسلامییە نێودەوڵەتییەکان لە بەرامبەر کارەساتی هەڵەبجە بێدەنگ بوون( Мирзоев,

.Москва, 2016, C72)، یەکێتی سۆڤیەت بە فەرمی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی شەرمەزار کرد، پابەندبوونی خۆی بە نۆرمەکانی نێودەوڵەتی دووپاتکردەوە، لەوانە پرۆتۆکۆڵی جنێڤی ساڵی ١٩٢٥ کە بەکارهێنانی گازی خنکێنەر، ژەهراوی یان هاوشێوەی دیکەی قەدەغە دەکات. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەتایبەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی لە بڕیارنامەکانی ئیدانەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کرد، هەرچەندە زۆرجار خۆی لە بەکارهێنانی زمانی توند سەبارەت بە عێراق بەدوور دەگرت.(**لە ڕاپۆرتە داخراوەکاندا دەگوترا کە "بەغدا تاوانباری حاشا هەڵنەگرە"، بەڵام یەکێتی سۆڤیەت بە ئاشکرا دژی سەدام حوسێن نەبوو**)(.Мирзоев, Москва, 2016, C72). دەقی دوو بڕیارنامەی سەرەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨٨ کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە هەبووە لە شەڕی ئێران و عێراق و کە یەکێتی سۆڤیەت وەک ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەن بەشداری تێدا کردووە. بڕیارنامەی ٦١٢ (٩ی ئایاری ١٩٨٨)( Совет Безопасности, S/PV.2825, 26 August 1988, https://main.un.org/securitycouncil/ru/). ئەنجوومەنی ئاسایش نیگەرانی قووڵی لە ئەنجامەکانی نوێنەرایەتی ئەمینداری گشتی دەربڕی کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی پشتڕاستکردەوە. بە توندی سەرکۆنەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کرد، داوای لە وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کۆنترۆڵی هەناردەکردن بەسەر مادده و تەکنەلۆژیاکان بەهێزتر بکەن"بەردەوامی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ململانێی ئێران و عێراق، بە توندی شەرمەزار کرد..." لە بڕیارنامەی ٦٢٠ (٢٦ی ئابی ١٩٨٨)دا( Совет Безопасности, S/PV.2825, 26 August 1988, https://main.un.org/securitycouncil...) دووپاتی کردەوە کە لە ماوەی شەڕەکەدا چەکی کیمیایی بەکارهاتووە. ئەنجومەنی ئاسایش پشتگیری لە سکرتێری گشتی کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی. وڵاتانی ئەندام هاندرابوون هەنگاو بنێن بۆ ڕێگریکردن لە گواستنەوەی مادده کیمیاییەکان و تەکنەلۆژیا بۆ مەبەستی سەربازی. یەکێتی سۆڤیەت دەنگی بە هەردوو بڕیارنامەکە دا، بەڵام وەک ئەمریکا، فەرەنسا، چین و بەریتانیا - ڕێگەی نەدا ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی عێراق وەک لایەنی تاوانبار بخرێتە ناو دەقەکەوە( (.СБ ООН № 620 (26 августа 1988 г). هیچ لێدوانێکی ڕاستەوخۆی "توند" لەلایەن نوێنەری هەمیشەیی سۆڤیەت نەدرا کە بە ئاشکرا بەغدا لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمەتبار بکات - مۆسکۆ تا دەکرا بێلایەنانە قسەی کرد. چونکە یەکێتی سۆڤیەت یەکێک بوو لە دابینکەرانی سەرەکی چەک بۆ عێراق و بەغدای وەک هاوبەشێکی ستراتیژی گرنگ لە ناوچەکەدا تەماشا دەکرد. سەرەڕای ئەو داتایانەی لەبەردەستدا بوون سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن عێراق لە دژی ئێران و دانیشتووانی کوردەکەی خۆی، یەکێتی سۆڤیەت خۆی لە ڕەخنەی ڕاستەوخۆ لە ڕژێمی سەدام حوسێن بەدوور گرت، تەوەری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە بەزەحمەت لە میدیای سۆڤیەتدا ڕوماڵی لەسەر دەکرا، ئەمەش لەگەڵ سیاسەتی بێدەنگکردنی ئەوکاتی سۆڤیەت دەگونجا، بەڵام لەژێر فشاری نێودەوڵەتیدا، لەوانەش ڕاپۆرت و بڵاوکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چاپەمەنی ڕۆژئاوادا، لە کۆتایی هەشتاکان یەکێتی سۆڤیەت دانی نا بە ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراقەوە، بەڵام بەردەوام بوو لە پێداگری لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ، سەرکردایەتی سیاسی (گۆرباچۆف، شێڤاردنادزێ) بەهەموو شێوازێك هەوڵیاندا بەغدا لەدەست نەدات، بەتایبەت لە پاشخانی پەرەسەندنی کاریگەریی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

بەم شێوەیە چەکی کیمیایی بوو بە ئامرازێکی فشاری سیاسی کە کۆتایی هاتنی شەڕەکەی خێراتر کرد. لە لایەکی دیکەوە ئێران تووشی دوو پاشەکشەی جددی بووکاتێك لە ١٨ی نیسانی ١٩٨٨، کەشتییەکی ئەمریکی بەهۆی مینێکەوە زیانێکی زۆری بەرکەوت، کەشتییە دەریاییەکانی ئەمریکا دوو وێستگەی نەوتی ئێرانیان لە کەنداوی فارس لەناوبرد، هەر لەو ڕۆژەدا عێراق توانی نیمچە دورگەی فاوی کۆنترۆڵ بکاتەوە. مۆسکۆ نیگەرانییەکی جددی" دەربڕی لە کردەوە سەربازییەکانی ئەمریکا دژی ئێران، ڕایگەیاند تێوەگلانی ئەمریکا لە دژی ئێران "چارەسەری ئاشتیانەی ململانێی ئێران و عێراق"ی دواخستووە، بۆتە هۆی هەڵکشانی گرژی لە ناوچەی کەنداوی فارس( (СБ ООН № 620 (26 августа 1988 г.... ، عێراق بە کردنەوەی بەرەی دووەم لە دەریا و کەڵک وەرگرتن لە دەستپێشخەرییەکانی کوەیت، ئامانجی ڕاکێشانی ئەمریکا بوو بۆ ناو گەمارۆی ئێران. لەڕاستیدا ئەمریکا بەنهێنی هاوکاریی عێراقی کرد، زانیاری و چەکی پێدا(Соловьева, Екатеринбург, 2007, С235.). لە کۆتایی مانگی ئایاردا عێراق توانی سوپای ئێران لەسەر سنور و لە نزیک کێڵگە نەوتییەکانی مەجنون لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بەسرە دەربکات، هەرچەندە هەندێک خاک لە کوردستانی عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی ئێراندا مایەوە( Соловьева, Екатеринбург, 2007, С235.)، بەڵام ڕوون بوو هیچ کامەکیان شەڕەکە نابەنەوە، هۆکارەکەشی ئەوەبوو ئەم شەڕە درێژخایەنە تاقەت پروکێنە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هەر دوو وڵاتدا هەبوو، چ لە بواری سەرچاوە مرۆییەکان و چ لە بواری ئابووریدا، هەردوو وڵات ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی سەرچاوەی سەربازی و ئابووری بوونەوە، قوربانییەکان تا دەهات زیادی دەکرد، ئەمەش فشاری لەسەر سەرکردایەتی سیاسی دروستکرد بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێکان لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای وەستاندنی شەڕ و پێکدادانەکانی دەکرد، زۆرێک لە وڵاتان داوای چارەسەری ئاشتیان دەکرد، هەروەها دۆخی سیاسی ناوخۆی ئێران و عێراق گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەشێک لە لایەنە ڕادیکاڵەکانی هەردوولای لاواز کرد و بووە هۆی ئەوەی داوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە بکەن، هەردوو وڵات بەهۆی خەرجییە سەربازییەکان و لەدەستدانی بازاڕ ڕووبەڕووی کێشەی توندی ئابووریی بوونەوە، لە هەمانکاتیشدا نزیکبوونەوە لە هەڵوێستی زلهێزەکان لەسەر ئەو پرسە هەبوو، پێریز دی کوێلار(erez de Cuellar)(١٩٨٢-١٩٩٢) سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو نوێنەرانی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی بۆ ڕاوێژکاری کۆکردەوە. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا هەموو پێدانی چەک بۆ لایەنە شەڕکەرەکان بوەستێنرێت، بەمەبەستی گەیشتن بە ئاگربەست. ئاماژەیەک لە بەشی حەوتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان لەخۆگرتبوو، کە تێیدا بەکارهێنانی هێز لە دژی سەرپێچیکاران دیاری کراوە. نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ئاگربەستی دەستبەجێی لە لایەنەکان کرد، وەستاندنی هەموو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەسەر وشکانی و ئاو. عێراق دەستبەجێ بەم بڕیارنامەیە ڕازی بوو، ئێران خۆی بە قوربانی دەستدرێژیی عێراقی دەزانی و لە ترسی کردەوەکانی ئەمریکا نەبوایە بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕازی نەدەبوو. دوای چەند مانگێک لە نامەنووسی دیپلۆماسی و دانوستانی نێوان ئەمینداری گشتی و تەهران، تا لە کۆتاییدا ئێران بە فەرمی ڕازی بوو لەسەر کۆتایی هێنان بە شەڕەکە. پشتڕاستکردنەوەی فەرمی لەلایەن ئێرانەوە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨دا هات، کاتێک ئێران دانی بەوەدانا کە ناتوانێت لە شەڕەکەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. لە ١٨ی تەممووزی ١٩٨٨ حکومەتی ئێران بەناچاری بڕیارنامەی ٥٩٨ی نەتەوە یەکگرتووەکانی قبوڵ کرد، لەوکاتدا کرێملین بەهەنگاوێکی ئەرێنی دانا و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە وەزارەتی دەرەوە لە ١٩ی تەممووزدا، جیراسیمۆڤ(١٩٣٠-٢٠١٠) سکرتێری ڕۆژنامەوانی وەزیری دەرەوە ڕایگەیاند: **قبوڵکردنی**

**بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن ئێرانەوە دڵخۆشە، ئێران ئەم هەنگاوە گرنگەی ناو بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی نێوان هەردوو وڵات** (Соловьева, Екатеринбург, 2007, C236.).

لە سەرەتای مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٨ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەوانەی ناوچەکە کران. نەتەوە یەکگرتووەکان توانی درێژترین شەڕی سەدەی بیستەم کۆتایی پێبهێنێت. هیچ کام لە لایەنەکان سەرکەتوو نەبوون لە یەکلاکردنەوەی شەڕەکە. ژێرخانی ئابووری ئێران و عێراقیش بە شێوەیەکی بەرچاو وێران بوو. لە ئەنجامی شەڕی سارد کە دەیان ساڵە بەردەوام بوو، جیهان بەسەر دوو جەمسەردا دابەش بوو-یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا سەرۆکایەتیان دەکرد و زۆربەی کێشە مشتومڕاوییەکانی سیاسەتی دەرەوە بە بەکارهێنانی هێز چارەسەر کران. لە سەردەمی دەستدرێژیی سەدام حوسێن بۆ ئێران، هەردوو زلهێز هاوکاری هەردوو وڵاتی ئێران و عێراقیان دەکرد.

**١-٢: هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە پرسە ناوخۆییەکانی عێراق بەتایبەتی کورد:**

سەبارەت بە پرسی کوردیش لەو ماوەدا کاتێك عێراق شەڕی لە دژی ئێران ڕاگەیاند سەدام حوسێن کوردی لەبیر نەکرد، پلانی دانابوو لایەنگرانی چەکدارانی کورد لە بەرژەوەندی خۆی کەڵکیان لێوەربگرێت، بەڵام بەغدا نەیتوانی پەیوەندیی هاوپەیمانی بەهێز لەگەڵ کورد دابمەزرێنێت، سەرەنجام کورد لە کاتی شەڕەکە سەرکوت کرا و بە هەزاران هاونیشتیمانی سڤیل کوژران. بەگشتی ململانێی نێوان ئێران و عێراق جارێکی دیکە بە پێی نەخشێکی دووبارەبووەوە پەرەی سەند، پێشتر لە سەردەمی شادا "تاقیکرابوویەوە"، کە تیایدا کورد وەک ئامرازێکی هەژموونی ئێران مامەڵەی دەکرد( , Ильина (Свободная мысль, №. 1 (1673), 2019, С.185-186.).

سەبارەت بە هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەتیش لەسەر پرسی کورد، لە پێناو پاراستنی پەیوەندییەکانی **هەرگیز بە شێوەیەکی ئاشکرا** پشتیوانی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد نەدەکرد، لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە، یەکێتی سۆڤیەت خۆی لە کێشەکانی ناوچەکە هێواش هێواش دوورخستەوە دوای هاتنە سەردەسەڵاتی میخائیل گۆرباچۆڤ(Mikhail Gorbachev)(١٩٨٥-١٩٩١)، سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر پرسە نەتەوەییەکان کەمێک گۆڕانکاری بەسەر داهات. هەرچەندە وتاری مافی مرۆڤ و ڕێککەوتنی ئاشتی بەهێزتر بوو، بەڵام لە کرداردا پشتیوانی ڕاستەوخۆی لە پرسی کورد نەدەکرد، چونکە ئەوە دەبوو هۆکارێک بۆ تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق. سیاسەتی فەرمی یەکێتی سۆڤیەت لەم ماوەیەدا ڕێزگرتن بوو لە یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتان.

لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال و هێرشە کیمیاییەکان بۆ سەر کوردستان، هەڵوێستی سۆڤیەت لە ئاستی نێودەوڵەتی چاوداخستن و بێدەنگی بوو. سۆڤیەت نەبووە پێشەنگی سەرکۆنەکردنی کارە دڕندانەکانی حکومەتی عێراق دەرهەق بەکورد لە ناو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ عێراقدا هەبوو، نەیدەویست عێراق لە ئەمریکا یان ڕۆژئاوا نزیک ببێتەوە. هەرچەندە لە ئاستی ناوخۆ و ڕۆشنبیران و ئەکادیمیەکان رەخنەیان لە بێدەنگی و بێهەڵوێستی سۆڤیەت دەگرت، بەڵام ئەمانە تەنها لەئاستی تاکەکەسی بوون، لازاریف دەڵێت: رووماڵی میدیا و رۆژنامەکانی رۆژئاوا بەراورد ناکرێت لەگەڵ ڕووسیا، کە زۆر بەکەمی هەواڵیان لەسەر مەینەتیەکانی کوردستان بڵاودەکردەوە، هەرچەندە کوردانی یەکێتی سۆڤیەت دەستیان بە خۆنیشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی لە دژی حکومەتی عێراق کرد، کۆمیتەی خوێندکارانی یەکگرتووی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت لە ٢٨ی ئایاری ١٩٨٨ نامەیەکی نارەزایەتیان بە سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت میخائیل گۆرباچۆڤ دا، لە نامەکە(لە ئەرشیفی نامەکانی گۆرباچۆڤ هەڵگیراوە)تێیدا هاتووە: **( ئەو شەڕەی دژی گەلی کورد دەکرێت، ترسناکترین چەکی مۆدێرن بەکاردەهێنێت، لەوانە ناپاڵم، بۆمبی فسفۆر و چەکی کیمیایی (گازی دەمار، سیناپس، مایکۆتۆکسین) (لە**

**ڕاپۆرتی کۆمەڵێک پزیشکەوە). گەلی کورد لە بەرامبەر چەکی بەربەری بێ بەرگرییە. هەزاران گوند و شارۆچکە بوونەتە قوربانی بەکارهێنانی ئەو چەکانەی کە بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان قەدەغەکراون. دەسەڵات لە کۆمەڵگای جیهانی شاردۆتەوە، بەڵام ئێستا جیهان لە تاوانە ئەهریمەنییەکانی ڕژێمی عێراق ئاگادار بۆتەوە. لە ١٧ی ئاداری ١٩٨٨ لە شاری هەڵەبجە زیاتر لە ٢٠ هەزار هاوڵاتی مەدەنی کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون بە چەکی کیمیاوی کوژران و بریندار بوون. ئەم کارەساتە هێرۆشیما و ناگازاکی بەبیر جیهانی دێنێتەوە، بەڵام نزیکەی هەموو ڕۆژێک تاوانی هاوشێوە لە کوردستان ڕوودەدات. ڕژێمی عێراق بە زۆر خوێنی کوردە دەستگیرکراوەکان بۆ سەربازە بریندارەکانی دەبات. دوای ئەم ئۆپەراسیۆنە، کورد مەحکوم بە مردن دەکرێن. ٨ هەزار زیندانی کوردی عەشیرەتی بارزانی بوونە قوربانی ئەم تاوانە. هەروەها منداڵانی قوتابخانە و خۆپیشاندەرانی دژ بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بوونە قوربانی. پێویستە وڵاتە گەورەکان گرنگی بە کێشەی کورد بدەن وەک یەکێک لە کێشە جددی و ئازاربەخشەکان. بەبێ چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەی کورد، ئاشتی لەم ناوچەیەدا مەحاڵە و یەکەم هۆکاری شەڕی ئێران و عێراق ململانێ لەگەڵ گەلی کوردە[2](**РГАСИ, Фонд 100, Опсь 7, Дело 423, Л9**)**. تەنانەت لەگەڵ ئەم نامەیە چەند وێنەیەکی کارەساتی هەڵەبجەی تێدایە، بۆ نووسینگەی م.س.گۆرباجۆڤ ناردبوو، بەڵام دەسەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت هیچ وەڵامێکیان بۆ ئەم نامەیە نەبوو. خۆیان بەدوور گرت لە هەر لێدوانێک ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق.

هەر لەو ماوەیەشدا بەرەی کوردستانی عێراق[3] لەسەر دۆخی کوردستان لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ تەلەگرامێکیان بۆ م.س.گۆرباچۆڤ نارد، داوایان کرد کاریگەری لەسەر سەرکردایەتی عێراق دابنێت بەمەبەستی ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی و ڕاگواستنی زۆرەملێی کوردانی ناوچەکانی باکووری عێراق، دەقی داواکاریەکەش (لە ئەرشیفخانەی ڕووسیا پارێزراوە)بەم شێوەیە هاتووە(((**..ڕژێمی بەعسی عێراقی بڕیاریداوە بە زۆر نزیکەی (١٥٠,٠٠٠) مەدەنی کورد لە ناوچەی قەڵادزێ دیپۆرت بکاتەوە دوای لەناوبردنی شوێنەکانیان تا کۆتایی ئەم مانگەی ئێستا کە ئێمە ئەم داواکاریە دەنێرین.**

**ئێوە وەک سەرۆکی وڵاتێکی گەورە کە بەرپرسیارێتی هەیە بەرامبەر بە ئاشتی و ئاسایشی جیهان و ئەوانەی باوەڕیان بە ئاشتی و کرانەوە و دیموکراسی هەیە.. و وەک وڵاتێک کە پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ بەغدا هەیە، بۆ ڕێگریکردن لە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوە، کە میللەتی کورد بەرەو تراژیدیا دەبات. داواتان لێدەکەین ڕێگریی بکەن لە ناوبردنی بەکۆمەڵ، ڕاگواستن، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، شەپۆلێکی جینۆساید لە کوردستان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ئەنجامدراوە....بەرەی کوردستانی...)**(РГАСИ), фонд 100, Опсь 7, Дело 423, Л6)). بەڵام بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی حزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت لە ٢٢نیسانی وەڵامی نامەکەی بەرەی کوردستانی دواتەوە، بەم شێوازە(**.. هیچ پەیوەندییەک لەگەڵ بەرەی کوردستانی عێراقدا نابەستین، وەڵامی هیچ داواکارییەکیان نادەینەوە...)**( РГАСИ), Советского Союза (1953-1991), фонд 100, Опсь 7, Дело 423, Л8).

[2] РГАСИ = کورتکراوەی ئەرشیفخانەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی حکومەتی ڕووسیا.

[3] بەرەی کوردستانی لە (٨) حیزبی باشووری کوردستان پێکهاتبوو ئەوانیش: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ، پاسۆک، پارتی گەل، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی شیوعیی کوردستان-عێراق، لە ڕۆژی ٢ی ئایار ساڵی ١٩٨٨ ڕاگەیەندرا. مەبەست لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کارو خەباتی پێکەوەیی بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس لە عێراق.

بەم شێوازە یەکێتی سۆڤیەت لە ناوەخۆ هەڵوێستێکی بەئاگایانەی گرتەبەر، خۆی لە ڕەخنەگرتن لە عێراق و باسکردنی ڕووداوەکانی کوردستان بوارد. تەنانەت چاپەمەنی سۆڤیەت (بۆ نموونە پراڤدا، ئیزڤێستیا، تاس،...هتد) شەڕەکەیان وەک کارەساتێکی دوو "وڵاتی دۆست" خستەڕوو، کە "ئیمپریالیستەکانیان" بە تاوانبار دانابوو بە پاڵنانی بەغدا و تەهران بۆ ململانێیەکی درێژخایەن. ڕۆژنامەی پراڤدە تا ناوەڕاستی حەفتاکان زۆرترین هەواڵی لەسەر پرسی کورد لە عێراق بڵاو دەکردەوە، تەنها لە ١٩ی ئازار واتا سێ ڕۆژ دوای کیمیابارانی هەڵەبجە بەم شێوازە ڕۆژنامەی پراڤدە هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە لەسەر باکوری عێراق(**بەغدا ئەو ڕاپۆرتەی تارانی لە بارەی هەموو چالاکییەکی سەربازی لەپارێزگای سلێمانی لەباکووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی ڕەتکردەوە. وتەبێژی سوپای عێراق ڕایگەیاند، "ماوەیەک پێش ئێستا شارەکانی خورماڵ و هەڵەبجەیان بەجێهێشتووە...)"**( Газета Правда, 1988, №79(25431), С2.**)**. تەنانەت هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئەو کارەساتە تراژیدیایەی شاری هەڵەبجە نەکردووە. ئەوان تەنها دەستەواژەی گشتییان لەسەر "**قبووڵنەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**" بەکاردەهێنا، خۆیان لە تۆمەتبارکردنی ڕژێمەکەی سەدام حوسێن بەدوور گرت. هەرچی بڵاوکراوە ئەکادیمییەکانی سۆڤیەت و دەزگا ئەکادیمییەکانی لەوانە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی و زانکۆ بەناوبانگەکانی MGIMO و IMEMO) باسیان لە کارەساتەکەی هەڵەبجە کردووە، بەڵام بەبێ ئەوەی بە ئاشکرا ئاماژە بە تاوانبارکردنی عێراق بکەن. وەک "**بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە باکووری عێراق" یان "زانیاری سەبارەت بە قوربانییە بەکۆمەڵەکان لەنێو دانیشتوانی کورد**"دەهاتە بەرچاو. هەرچەندە هەندێک لە زاناو ڕۆژهەڵاتناسانی سۆڤیەت هاوسۆزی کورد بوون. لەوانە زانای بەناوبانگی فیزیای ڕووسیا ئەندرێ سەخارۆڤ لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کێشەی کورد لە پاریس (١٩٨٩) پشتیوانیەکەی گرنگییەکی تایبەتی هەبوو چونکە دەنگێکی ناسراوی جیهانی بوو، نامەکەی(لە ئەرشیفخانەی سەخارۆف لە مۆسکۆ هەڵگیراوە) تێدا هاتووە:**(من زۆر نیگەرانم لە چارەنووسی گەلی کورد و ئەو ئازار و قوربانییانەی کە لە درێژای مێژوودا چەشتوویەتی. خەباتی کوردان بنیاتنراوە لەسەر پرەنسیپی مافی خۆنووسینی نەتەوەیی و بۆیە خەباتێکی دادپەروەرانەیە. داوا لە حکومەتەکان، دامەزراوە فەرمییەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەکەم کە هەڵوێستەکانیان بەرامبەر بە کورد لەسەر بنەمای دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ بنیات بنێن و ڕێگری بکەن لە هەر شێوەیەک لە ستەم، نادادپەروەری و جینۆساید، بە تایبەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و توندوتیژی بەرامبەر بە خەڵکی بێتاوان.....**( Архив Сахарова, Фонд1, Опись3, Дело 49, Л10.).

**تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی قەیرانی دووەمی کەنداو**

**٢-١: داگیرکردنی کوێت و ڕەوتی نوێی پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت- عێراق**

دوای کۆتایهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران ئەنجام و لێکەوتەکانی کاریگەری گەورەیان لەسەر ڕەوش وژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراق هەبوو بە ڕادەیەك ئابووری عێراقی تووشی داتەپین کرد، پێش دەستپێکردنی شەڕەکە عێراق زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلار یەدەگی هەبوو، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە قەبارەی زیانەکان گەیشتە ٣٠٠ملیار دۆلار، لەئەنجامدا عێراق تووشی قەرزێکی زۆر بوویەوە، بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەو قەرزانەش ساڵانە ٣٠٪ی فائیدە(سوو)ی دەهاتە سەر، لە لایەکی دیکەشەوە نرخی نەوت بەتەواوی هاتبووە خوارەوە بەهۆی زیادبوونی قەبارەی وەبەرهێنان، هەرچەند وڵاتانی ئۆپێک ڕێککەوتن لەسەر بەرزکردنەوەی نرخەکەی بۆ بیست و یەك دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک و دیاریکردنی قەبارەی بەرهەمهێنان، بەڵام دەوڵەتانی کوەیت و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی پابەند نەبوون بە پشکەکانی ئۆپێکەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نرخی نەوت دابەزێت بۆ پانزە دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک،

هەندێکجاریش یانزە یان دوانزە دۆلار، زۆرترین ڕێژەی زیادەی بەرهەمهێنانیش لە کوەیت بوو لە کێڵگەی ڕومەیلە، کە دەکەوێتە سەر ناوچە سنوورییە کێشە لەسەرەکانی نێوان عێراق و کوەیت، ئەم دۆخەش وای لە عێراق دەکرد نەتوانی قەرزەکانی بداتەوە وئابووریەکەشی تەواو سست بێت، بۆیە عێراق ئەم ڕەفتارانەی بە جۆرێک لە ئیستفزاز و هەڵخەڵەتاندن لێکدایەوە، تەنانەت کوەیت شەڕی ئابووری لە دژی عێراق ڕاگەیاند، سەدام حسێن لە کۆبونەوەی لوتکەی بەغدا و لە یاداشتێکی بۆ کۆمکاری عەرەبی لە ١٧ی تەمموزی ١٩٩٠ی کوەیت و ئیماراتی تۆمەتبار کرد بە پیلانگێڕی و هەڕەشەکردن لە عێراق، کە دواتر ئەنجامەکەی داگیرکردنی کوەیتی لێکەوتەوە(الحمد، مجلة، عالم المعرفة، مارس، ١٩٩٥، ص٩٩). ئەوەبوو لە ٢ی ئابی ساڵی ١٩٩٠ سوپای عێراقی هێرشی کردە سەر کوەیت و لە ماوەی ٩ کاتژمێردا تەواوی وڵاتەکەی داگیرکرد، هەر زووش لە هەنگاوێکدا کوەیتی بە نۆزدەهەمین پارێزگای عێراق ناساند(Еддин, международные отношения, 2010, № 1, C45.)، ئەم پێشهاتەش یەکێتی سۆڤیەتی خستە هەڵوێستێکی سەختەوە چونکە عێراق بە فەرمی وەک هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت دەناسێنرا لەسەردەمی جەنگی ساردا و پەیوەندیەکی نزیکی ئابووری و سەربازی و تەکنیکی لەگەڵدا هەبوو(Полынов, общество. среда. развитие, №:3, 2015, C80.).

ئەم داگیرکاریەی عێراق بۆ سەر کوەیت وایکرد نەك تەنها لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بەڵکو لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پەیوەندییەکانی تێك بچێت، هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و عێراق لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٩٠ زۆر سەرکەوتووانە پەرەی سەند بوو، بەڵگەی ئەمەش لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٥٠ ڕێککەوتن لە بوارە جیاوازەکان واژۆ کرابوون، بەڵام لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان گۆڕانکاری ڕیشەیی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات ڕوویدا، هۆکارەکەی گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لە بنەمای سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت ئەویش بیرکردنەوەی سیاسی نوێ بوو بە ئاراستەی ڕۆژئاوا(Михайлович, Москва, 1998. C45.)، بەڵام خاڵی وەرچەرخان لە ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و عێراق قەیرانی کوەیت بوو(بيان صادر عن وزارة الدفاع الكويتية بشأن الغزو العراقي للكويت، صباح الخميس، ٢ أغسطس )١٩٩٠.)، بەپێی هەندێک سەرچاوەی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت، م .گۆرباچۆڤ لە سەرەتادا دوودڵ بوو و نەیدەویست باس لە دەستدرێژییە ئاشکراکانی عێراق بۆ سەر کوەیت بکات و هاوشێوەی سیاسەتی ئەمریکا بکات، بەڵام نەیدەتوانی لەوە حاڵیبێت ئەمە کارێکی نا ئەخلاقی و دەستدرێژییەکی ڕوون و پێشێلکاریی یاسای نێو دەوڵەتییە(بريجنسكي، دار النشر الأهلي، عمان، ١٩٩٧.). بۆیە وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت ئێ.ئا شێڤاردنادزێ، کە دژی عێراق و لایەنگری بۆچوونەکانی ئەمریکا بوو هێڵێکی ستراتیژی مۆسکۆی خستەڕوو بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت لەگەڵ ئەمریکا و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، ئەمەش تا ڕادەیەک سەرسوڕهێنەر بوو، بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیی مێژوویی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ عێراق(Belopolsky, Palgrave Macmillan UK, Year: 2009, P141.). ئەمە وایکرد ئەمریکا زۆرترین سوود لە کاریگەری مۆسکۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی عێراق وەربگرت، لە ٢ی ئاب لە ساڵی ١٩٩٠ حکومەتی سۆڤیەت بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و سەرکۆنەی لەشکرکێشی عێراقی بۆ سەر کوەیت کرد و بە کردەوەیەکی دەستدرێژی و پێچەوانەی یاسای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دانا(Хитрухина, observer 2003 №9 (164),)، پاشانیش وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو جێمس بەیکەر (١٩٨٩-١٩٩٢)(James Baker) و ئیدوارد شێڤاردنادزێ بەیاننامەیەکی هاوبەشی سۆڤیەت-ئەمریکایان بڵاوکردەوە، هەردوولا بە توندی سەرکۆنەی لەشکرکێشی عێراقیان کرد و داوای کشانەوەی تەواوەتی

هێزەکانی عێراقیان لە کوەیت کرد، عێراقیان وەک دەستدرێژکار شەرمەزار کرد، هەڵوێستێکی وەهای مۆسکۆ بۆ سەدام حوسێن وەک شۆکێك وابوو، کە ئەمەیان بە پێشێلکردنی پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری ساڵی ١٩٧٢ (بەتایبەت مادەی ١٠) لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت دانا( Хитрухина, Москва, 2003, C68.)، سەدام حسێن شیمانەی ئەوەی خستبووە روو، یەکێتی سۆڤیەت بە شێوەیەک یان فۆرمێکی تر، درەنگ یا زوو پشتیوانی لێ دەکات، واتە گریمانەی ئەوەی کردبوو سۆڤیەت ناچێتە هیچ لایەنێك و بەپێی یاساکانی شەڕی سارد مامەڵە دەکات( Палажченко, https://ed-glezin.livejournal.com/1035386.html,)، بەڵام سۆڤیەت دەست بەجێ لەسەر داوای ئەمەریکا پێداویستییە سەربازییەکانی بۆ عێراق ڕاگرت ( Полынов, Общество. Среда. Развитие, №: 3, 2015, C81.). لەدوای ماوەیەکی کەمدا هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوا پەیوەست بوون بە گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانەوە، لە ٢٥ی ئابی ١٩٩٠ یەکێتی سۆڤیەت لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەمریکا دەنگی بە بڕیارنامەی ژمارە ٦٦٥ دا، کە گەمارۆی دەریایی لە دژی عێراق خستە بواری جێبەجێکردنەوە، سەرەڕای هەندێک ناکۆکی لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، مۆسکۆ و واشنتۆن لە نزیکەوە کاریان کرد بۆ کەنارگیرکردنی عێراق( Щевелев, Серия исторические науки, том 5 (71), № 2. 2019, C127.)، کە هێزی دەریایی ئەمریکا و بەریتانیا دواتریش فەرنسا بەشدارییان تێدا کرد. هەروەها لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٩٠ بە پێی بڕیارنامەی ژمارە ٦٧٠ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، هێلی هاتوچۆی ئاسمانی لەگەڵ عێراقیش ڕاگیرا(Кузнецов, БГПУ 2009, C14.). ئەمەش وایکرد ئاستی پەیوەندییەکانیان نزم ببێتەوە بەڕادەیەك لەو ماوەیەدا هیچ چالاکییەکی ئابووری و بازرگانی و دبلۆماسی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت نەما.

سەرەڕای ڕەخنەی توندی نەیارانی ناوخۆیی لە سیاسەتی دەرەوە گۆرباچۆڤ بڕیاریدا پشتگیری لە چالاکییە سەربازییەکانی ئەمریکا بکات دژ بە عێراق، بۆ یەکەمجار لە چەندین دەیەی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەتدا، یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی لە کردەوە سەربازییەکانی ئەمریکا کرد. ئەوەش وەرچەرخانێك بوو لە بیرکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت، سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەم قۆناغەدا لە ژێر کاریگەری ئاڵۆزی فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا بوو، لە کاتی قەیرانەکانی کەنداوی فارسدا تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری ئەو ڕێبازەی سەرکردایەتی سۆڤیەت بەرەو نزیکبوونەوە لە ئەمریکا گرتبووەبەر، لە لای پلە باڵاکانی دەسەڵاتدارانی مۆسکۆ ئەو دیدگایە زاڵ بوو، پێویستە بەرژەوەندی سەرەکی یەکێتی سۆڤیەت ڕوو لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا بکات(غودمان، مرکز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتیجیة، ١٩٩٢، ص٢٩.).

سەدام حوسێن چاوەڕوانی هاوپەیمانی نێوان مۆسکۆ و واشنتۆنی نەدەکرد. ڕۆژی ٥ی ئەیلول تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی عێراق گەیشتە مۆسکۆ، گۆرباچۆڤ قەناعەتی پێکرد، یەکلاییکردنەوەی سیاسی پێویستە، تاریق عەزیز بە نیگایەکی شانازییەوە وەڵامی دایەوە عێراق نە لە ئەمریکا و نە لە جەنگی جیهانی ناترسێت، گلەیی ئەوەی کرد، کە پیلانێکی ڕاستەقینە لە دژی عێراق هەیە و سەرزەنشتی دەسەڵاتدارانی مۆسکۆی کرد بەوەی، کە بەهەمان زمانی ئەمریکییەکان قسە دەکەن( Млечин, , Москва, 2003 , C169.).

لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٩٠ لە هێلسنکی لوتکەی کۆبوونەوەی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا بەسترا لە نێوان م.س. گۆرباچۆڤ و جۆرج بوش سەرۆکی ئەمریکا لەسەر قەیرانی کەنداو( Газета Известия, 2 сентября 1990 года.)، ئامانجی هەردووکیان هاوبەش بوو بە شێوەیەک مامەڵە بکەن، لە

چارەسەرکردنی قەیرانی عێراق خزمەت بە چەسپاندنی کاراکتەری نوێی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و ئەمریکا و پێشکەوتن بەرەو نەزمێکی نوێی جیهانی بکات. لە کۆبوونەوەکەدا جۆرج بوش جەختیکردەوە لەسەر گرنگی لێکتێگەیشتن وکارلێکی یەکتر لە نێوان هەردوو زلهێزەکەدا کردووە وتی: **ئەو یەکگرتووییەی کە دوو زلهێز نیشانیاندا لە نزیکبوونەوە لە چارەسەرکردنی قەیرانی کەنداوی فارس لە تەواوی ئاسۆکانی داهاتووی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و ئەمریکاوە مانای زۆری هەیە**( Белоногова, https://ed-glezin.livejournal.com/1035386.html.)، گۆرباچۆڤ پێی وابوو دەتوانێت بژاردەی سەربازی دوور بخاتەوە( Хоссам Еддин, Международные Отношения, 2010, №1, С46.). لە کۆبوونەوەکە تەواوی ئارگیومێنتی لەسەر مەترسییەکانی شەڕ و دەرئەنجامەکانی لەسەر ناوچەکە خستەڕوو، لە لوتکەی هێلسنکی گۆرباچۆڤ قەیرانی کوەیتی بە یەکەم تاقیکردنەوەی سەختی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و ئەمریکا لە دوای جەنگی سارد ناوبرد، گۆرباچۆڤ هەوڵیدا بە ڕێگەی ئاشتی قەیرانەکە تێپەڕێنێت و بابەتەکە نەگاتە دەستتێوەردانی سەربازی لەلایەن ناتۆوە. بەڵام گۆرباچۆڤ هەرگیز بە ئاشکرا ڕەخنە لە هەڵوێستی ئەمریکا نەگرت( Полынов, общество. Среда. Развитие, No:3, 2015, C80.).

سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٩٠ پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤییەت و عێراق گەیشتە ئەوپەڕی ئاڵۆزی، بەجۆرێك عێراق هەڕەشەی لە سۆڤییەت کرد ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت هەر زانیارییەک سەبارەت بە توانای سەربازی عێراق بدات بە ئەمریکا، لە کاتی سەردانی داهاتووی وەزیری بەرگری ئەمریکا دیك چێنی بۆ مۆسکۆ، ئەوا عێراق ڕێگری دەکات لە گەڕانەوەی پسپۆڕانی سۆڤیەت( Рабочая Трибуна, 14.10.1990).

ئەو دۆخە بەم شێوەیە بوو لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم گۆرباچۆڤ جارێکی دیکە لە پاریس لەگەڵ بوش سەرۆکی ئەمریکا کۆبووەوە، لە کۆنفرانسی ٣٤ وڵات سەبارەت بە ئاسایش و هاوکاری وڵاتانی ئەوروپا، گفتوگۆیەکی دوو سەعاتی لە نێوانیان روویدا، گۆرباچۆڤ ڕەتیکردەوە گەرەنتی بە ج.بوش بدات کە یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی لە بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات سەبارەت بە بەکارهێنانی هێز دژی عێراق(New-York Tim, 20.11.1990.) ، مۆسکۆ بووە بە بارمتەی عێراق و ئەمریکا، چونکە سەرەڕای هەموو چالاکییەکانی دیپلۆماسیەتی سۆڤیەت، کۆنترۆڵی دۆخەکە لە دەستی واشنتۆن بوو، بۆیە هەوڵەکانی هیچ بەرهەمی نەبوو( Константиновн, Москва, 1999, http://www.middleeast.org.ua/articles/19.htm ) ، لە ٢٦ی تشرینی دووەمدا، سەدام حوسێن، تاریق عەزیزی بۆ مۆسکۆ نارد، بۆ ئەوەی گۆرباچۆڤ و شێڤاردنادزێ ڕازی بکات پشتگیری لەم بڕیارنامەکە نەکەن، بەڵام تارق عەزیز لە مۆسکۆ پێشوازییەکی زۆر ساردی لێکرا، لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠ بڕیارنامەی ٦٧٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسندکرا، کە ١٥ی کانوونی دووەم ١٩٩١ وەک کۆتا وادە دانرا بۆ کشانەوەی هێزەکانی عێراق لە کوەیت، ئەگەرنا هێزی سەربازی لەدژی عێراق بەکاردەهێنرێت(TACC, 26.11.1990.).

یەکێتی سۆڤیەت سەربەخۆیانە مامەڵەی دەکرد، چەندین جار دەستپێشخەریی بۆ نێوەندگیری پێشکەشکرد، بە مەبەستی چارەسەرکردنی پرسەکە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەست نەهات، ئەمریکا هاوپەیمانیەتێکی دروست کرد بۆ لێدانی عێراق، کاردانەوەی مۆسکۆ بە توندی نەرێنی بوو، سەرکۆنەی هەر هێرشێکی ئەمریکای بۆ سەر عێراق کرد، ئەناتۆلی جۆرنایڤ(Anatoly Chernyaev) (١٩٨٦-١٩٩١)ڕاوێژکاری باڵای میخائیل گۆرباچۆڤ لە بیرەوەرییەکانیدا، بەم شێوەیە باسی گفتوگۆی تەلەفۆنی

گۆرباچۆڤ و جۆرج بوش دەكات لەبارەی عێراقەوە((**لە ١٨ كانوونی دووەم گفتوگۆی گۆرباچۆڤ لەگەڵ بوش بە ساردی دەستی پێكرد، گۆرباچۆڤ داوای لە بۆش كرد ئێستا لە رووی سیاسیەوە سەدام حوسێن بێ ناوبانگ بووە و توانای سەربازی بە توندی لێیدراوە مەترسی نەماوە بۆچی كوڕەكانتان بە كوشت دەدەن، باشترە داوای ئەوە بكەین حوسێن كوەیت بەجێ بهێڵێت و بەڵێنی دانووستانی پێ بدرێت....**))(Черняев, Москва, Росспэн, 2010, C10.)، بەڵام بۆش بەداواكاریەكەی گۆرباجۆڤ رازی نەبوو، یەكێتی سۆڤیەت خۆی لە دۆخێكی سەختدا بینیەوە، لەلایەک شكستی عێراق، كە مۆسكۆ بەردەوام بوو لە پاراستنی پەیوەندییەكانی لەگەڵیدا، چونكە بەشێك بوو لە سەرچاوەی داهاتی، بۆ ئەو لە ڕادەبەدەر نەخوازراو بوو. لە لایەكی دیكەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریكا و ئەوروپای ڕۆژئاوا لە مەترسیدا بوو، ئاراستەی سەرەكی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت لەو سەردەمەدا گەڕانەوە بوو بۆ رۆژئاوا، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا بۆ یەكێتی سۆڤیەت مەحاڵ بوو، بەهۆی پەرەسەندنی كێشەكانی ناوەخۆ هاوشێوەی بەفربارین سۆڤیەتی گرتبۆوە. هەروەها مەحاڵ بوو هەڵوێستی دووفاقی وڵاتانی عەرەبی لەبەرچاو نەگیرێت، هەروەها ئەوەش لەبەرچاو نەگیرێت كە ڕژێمی سەدام حوسێن بە داگیركردن و لكاندنی دەوڵەتێكی خاوەن سەروەری بۆ یەكەمجار لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بە شێوەیەكی گەورە یاسا نێودەوڵەتییەكانی پێشێلكردووە. لە كۆتاییدا پێویست بوو ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگیرێت، شكستی حەتمی سوپای عێراق، كە بە چەكی سۆڤیەت تەیار كرابوو، گومانێكی جددی لە ناو وڵاتانی عەرەبی دروست دەكرد، كە ئەمەش كاریگەرییەكی نەرێنی هەبوو لەسەر ئاستی هاوكارییە سەربازی و تەكنیكییەكانی سۆڤیەت، بە پێچەوانەوە ئەمریكا بە پێشكەوترین تەكنیكی شەڕەوە هاتبووە ناوچەكەوە. لەم دۆخەدا تاكە هێڵی مومكین لە لایەن سۆڤیەتەوە ئەویش پەیوەست بوون بە فشارە سیاسییەكان بۆ سەر دەسەڵاتدارانی عێراق و دژایەتی نەكردن بۆ هێنانەكایەی گەمارۆكان بۆ سەر ئەم وڵاتە، سەرەڕای ئەوەش داوایكرد دەرفەت بە سەدام حوسێن ببەخشرێت بۆ ئەوەی بەخۆی لە كوەیت بكشێتەوە. ئەگەر عێراق ڕەتیكردەوە دەرفەتی هێز بەكاربهێنرێت، لەوكاتەدا مۆسكۆ ناڕەزایەتی دەرنابڕێت بەرامبەر بە چارەسەری سەربازی بۆ كێشەكە. ڕاستییەكە ئەوەیە هەر سیاسەتێكی دیكە یەكێتی سۆڤیەت لە بەرامبەر كۆمەڵگەی جیهانیدا دەخاتە چاڵەوە و لەوەش زیاتر توانای كاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەكان نەک تەنها لە خودی قەیرانەكەدا، بەڵكو بە شێوەیەكی بەرچاو لە جیهاندا سنووردار دەكات( Подцероб, Вестник МГИМО, №5(14), 2010, C165.). ئەمەش وایكرد سەركردایەتی یەكێتی سۆڤیەت دابەشبێت بەسەر دوو بەرەدا، بەشێكیان هەوڵی ڕێگریكردنیان لە شەڕی دەدا، لە كاتێكدا بەشەكەی دیكەیان ڕێک هەڵوێستی پێچەوانەی گرتەبەر(Примаков, Москва, 1999, C308.) ، لە راستیدا سۆڤیەت پاراستنی شكۆی سەدام حوسێنی بەلاوە گرنگ بوو، بۆ ئەوەی دواتر هەژموونی سۆڤیەت بۆ ناوچەكە بگەڕێنێتەوە لە كاتێكدا ج.بوش هیوای بۆ ڕووخاندنی سەدام حوسێن دەخواست( Ismael, Arab studies Quarterly, Vol. 23, No. 4 (Fall 2001), P94). لە ٩ی شوباتی ١٩٩١ گۆرباچۆڤ لە مۆسكۆ ڕایگەیاند(**سروشتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكانی ئەمریكا دەتوانێت مەترسی تێپەڕبوون لە سنوورەكانی دەسەڵاتی نەتەوە یەكگرتووەكان دروست بكات، بە شێوەیەک كە لە هەندێک كاتدا ڕێس و یاسا نێودەوڵەتیەكان پێشێل دەكرێن....**)( Ismael, Arab studies Quarterly, Vol. 23, No. 4) (Fall 2001), P94، لە لایەكی دیكەوە شینی یەكێتی سۆڤیەت بۆ ئەوەبوو قەرزەكانی خۆی بپارێزێ، نزیكەی ٧ملیار بوو، دەیویست قەرزەكانی لە عێراق وەرگرێتەوە، تەنانەت دوای كۆتایی هاتنی شەڕەكەش ئامادەبوو مامەڵە لەگەڵ سەدام حوسێن بكات. لەم دۆخەدا یەكێتی سۆڤیەت هیچ بژاردەیەكی دیكەی لەبەردەم نەمایەوە جگە لە توندكردنەوەی هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر عێراق، لە كۆتایی مانگی ئەیلولی ساڵی

١٩٩٠، ئی.شێڤاردنادزێ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گووتی: ڕەنگە مۆسکۆ تەنیا لە هەندێک بارودۆخدا پشتگیری لە بژاردەی هێز بکات، لە دەرکردنی عێراق لە کوەیت، دواتر گۆرباچۆڤ بانگەشەی ئەوەیکرد کە لە ژێر کاریگەری ڕاپۆرتی یڤگێنی پریماکۆڤ( Yevgeny Primakov)(١٩٩٨-١٩٩٩) ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت کە لە بەغدا گەڕاوەتەوە، هەنگاوێکی لەو شێوەیەی ناوە لە بەرامبەردا، پریماکۆڤ لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم لێدوانە بۆ ڕازیکردنی سەدام حوسێن بوو بۆ گەڕانەوەی ٥ هەزار پسپۆڕی سۆڤیەت -بنەماڵەکانیان لە سەرەتای قەیرانەکەدا گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان قەدەغە کرابوو. توانیان سەرکردایەتی عێراق ڕازی بکەن هاوڵاتیانی ڕۆژئاوایی لە وڵاتەکەدا بوون نەیکەنە "قەڵغانی مرۆیی( Примаков, Москва, 1999, C308.)، هەرچۆنێک بێت، لێداوانەکانی م.س.گۆرباچۆڤ و ئی.ئە.شێڤاردنادزێ وەهمێکی بە سەرکردایەتی عێراق بەخشی لە ئەگەری گۆڕینی هەڵوێستی مۆسکۆ لە بەرامبەر قەیرانی عێراق(Подцероб, Вестник МГИМО, №5(14), 2010, C165.). لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی سۆڤیەت لە هەوڵی گەیشتن بوو بۆ چارەسەری سیاسی قەیرانەکە فاکتەری عەرەبیشی بەکارهێنا، بۆ ئەم مەبەستەش لە مانگی تشرینی دووەم ١٩٩٠مۆسکۆ هەوڵی کۆتاییدا بۆ پێچەوانەکردنەوەی پەرەسەندنی دۆخەکە، أ.م.بێلۆنۆگۆڤ نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوە ڤلادیمێر فیدۆرۆڤیچ پترۆڤسکی سەردانی ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبییان کرد، هەردووکیان پێگەی نوێنەری تایبەتی سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتیان وەرگرت، ئەمەش بە سروشتی خۆی دەرفەتی پەیوەندیکردن لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتانە کە سەردانیان دەکردن زیاتر کرد، کە ئامانجیان لێی لێکۆڵینەوە بوو لەو هەڵوێستەی بەرامبەر بە بڕیارنامە نوێیەکەی ئەنجومەنی ئاسایش کە ئامادە دەکرێت( Белоногов, Москва, 2001, C204.)، لە کۆتاییدا مانۆرە سیاسی و هەوڵە دیبلۆماسیەکانی سۆڤیەت توانی کات بەدەستبهێنێت بۆ ئەوەی دەرفەتێک بە سەدام حوسێن بدات هێزەکانی لە کوەیت بکشێنێتەوە. لەو ماوەیەشدا پریماکۆڤ سێ جار سەردانی بەغدای کرد لەگەڵ سەدام حوسێن کۆبویەوە( Примаков, Москва, 1999, C308.)، سەرکەوتوو نەبوو لە قەناعەت پێهێنانی دەسەڵاتدارانی عێراق، هەرچەندە توانی لە مانگەکانی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمدا ئامادەیی لە سەدام حوسێن وەربگرێت بۆ کشانەوەی هێزەکانی لەسەر خاکی کوەیت، بەڵام هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی لەلایەن عێراقەوە نەنرا(Там же, C308.)، ئەمەش وایکرد دۆخە سەربکێشێت بۆ بەکارهێنانی هێز و دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوەیت، لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠، جێمس بەیکەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەیاننامەیەکی تایبەتی بڵاوکردەوە و تیایدا داواکارییەکانی سەرکردایەتی سۆڤیەت بۆ دواخستنی بەکارهێنانی ڕێوشوێنە سەربازییەکان دژی ڕژێمی بەغدا ڕەتکردەوە. وەک ڕۆژنامەی تایمز ئاماژەی پێکردووە، مۆسکۆ نیگەرانی خۆی دەربڕی کە لە ئەنجامی "سەرکەوتنی هێزە فرەنەتەوەییەکان بەسەرکردایەتی ئەمریکا، چونکە مانای وایە یەکێتی سۆڤیەت بە تەواوی پێگەی خۆی لە ناوچەکە لەدەست دەدا( Хоссам Еддин, Международные отношения, 2010, №1, C49.). پێش دەستپێکردنی هێرشی هێزە فرەنەتەوەییەکان بۆ سەر کوەیت، گۆرباچۆڤ پەیامێکی شەخسی بۆ سەرۆک جۆرج بوش نارد، تیایدا داوای دواخستنی دەستپێکردنی هێرشی هێزە زەمینییەکانی بۆ سەر کوەیت کرد، هەروەها سەردانی تاریق عەزیز جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ مۆسکۆ وەک دوا دەرفەت بۆ دوورکەوتنەوە لە شەڕ دیاریکرا(Там же, 2010, № 1, C50.)، بەڵام هەوڵە سیاسییەکان بێهودە کۆتاییان هات. شەوی ١٦-١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیابان بە ئامانجی ڕزگارکردنی کوەیت دەستی پێکرد. هەرچەندە لە قۆناغی ئاسمانی شەڕەکەدا

یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ قەناعەت پێکردنی سەدام حوسێن، کە هیچ بژاردەیەکی لەبەردەمدا نیە جگە لە ڕێککەوتن و رازی بوون بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرەڕای بۆردومانکردنی عێراق لە لایەن فڕۆکەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤیەت چالاکییەکانی ڕانەگرت( МИД, Москва, Международные отношения, 1986-1991, C15).

لە شوباتی ١٩٩١دا هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سۆڤیەت لەسەر ڕێگریکردن لە قۆناغی هێرشی زەمینی چڕ بووەوە. ئی.م پریماکۆڤ بۆ جاری سێیەم سەردانی عێراقی کرد. لە ١٨، ٢١ و ٢٣ی شوبات، دانوستانەکانی نێوان نوێنەرانی سۆڤیەت و عێراق بووە هۆی پەرەپێدانی بەڵگەنامەیەک کە لە ٦ خاڵ پێکهاتبوو، خاڵی سەرەکی بریتی بوو لەوەی"**عێراق ڕازییە بە جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ٦٦٠**، واتە دەستبەجێ و بێ مەرج هێزەکانی لە کوەیت بکشێنێتەوە(Горбачев, Москва, 1995, C257.). ڕۆژی ٢٣ی شوبات، تاریق عەزیز بڕیاری سەرکردایەتی عێراقی سەبارەت بە کشانەوەی دەستبەجێ و بێ مەرجی هێزەکانی لە کوەیت بە ڕۆژنامەنووسان ڕاگەیاند. هەر ئەو ڕۆژە ئێوارە گۆرباچۆڤ لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە جۆرج بوشی لەم بارەیەوە ئاگادار کردەوە، پێی ڕاگەیاند "**بەیاننامەیەکی فەرمی لە بەغدا دەرچووە ڕازی بوو بە کشانەوەی تەواوەتی و بێ مەرجی هێزەکان لە کوەیت، بەپێی بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. جگە لەوەش کشانەوە لە پایتەختی کوەیت لە ماوەی چوار ڕۆژدا ئەنجام دەدرێت**" (Полынов, общество. Среда. Развитие, No: 3, 2015, C83). بەم شێوەیە سەدام حوسێن ئاڵای سپی بەرزکردەوە، بەڵام تا ئەم کاتە هەموو شتێک لە لایەنی ئەمریکاوە بۆ داگیرکاری وشکانی ئامادەکرابوو. بوش وەڵامی گۆرباچۆڤی دایەوە: "**...نابینم کە بتوانین هیچ نەرمییەک نیشان بدەین سەبارەت بە کردەوەکانمان، هاوپەیمانان هیچ ئارەزووی ئەوەیان نییە بکێشێنەوە.......**( Там же, C83.)، دوای حەوت کاتژمێر لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ گۆرباچۆڤ، لە ٢٤ی شوباتی ١٩٩١، جۆرج بوش ڕایگەیاند: کە فەرمانی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی زەمینی لە دژی سوپای عێراقی داوە، دوای دوو ڕۆژ سوپای عێراق بەتەواوەتی تێکشکان لە کوەیت( Полынов, общество. Среда. Развитие, No: 3, 2015, C83.). شەوی ٢٧ی شوبات، باڵیۆزی یەکێتی سۆڤیەت لە بەغدا بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوەی عێراق کرا، لەوێ سعدون حەمادی و تارق عەزیز لەگەڵیدا کۆبونەوە. داواشیان کرد بەپەلە لەڕێگەی کەناڵە سۆڤیەتییەکانەوە بەیاننامەیەکی وەزیری دەرەوەی عێراق بگوازنەوە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش، حکومەتی عێراق قبوڵکردنی بڕیاری ٦٦٠ی دووپاتکردەوە و کشانەوەی تەواوەتی هێزەکانی عێراق لە کوەیت لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا. هەروەها ڕاگەیەندرا کە ڕێککەوتن لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ٦٦٢ و ٦٧٤، کە تێیدا باس لە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی شەرعی لە کوەیت و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی عێراق بە کوەیتی گەیاندووە(Горбачев, Москва, Новости, 1995, C257). سیاسەتی گۆرباچۆڤ سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی کێشەی کەنداو شکستی هێنا، لەلایەکی دیکەشەوە خواستی ئەمریکییەکان بۆ تەواوکردنی شکستپێهێنانی سوپای عێراق تا بەو هۆیەوە نیشانی هەموو جیهانی بدات، کە ئێستا سەرکردایەتی جیهان دەکات. ڕۆژی ٢٧ی شوبات، دوای ئەوەی بەغدا ئامادەیی خۆی بۆ کشانەوەی هێزەکانی و پابەندبوون بە هەموو داواکارییەکانی دیکەی ئەنجوومەنی ئاسایش ڕاگەیاند شەڕەکە وەستا( Подцероб, Вестник МГИМО, №5(14), 2010, C167.). دوای ٤٢ ڕۆژ سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش لێدوانێکی دا

سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە شەڕی گەردەلولی بیابان، کە بە ئازادکردنی کوەیت کۆتایی هات( Полынов, общество. Среда. Развитие, No:3, 2015, C83).

**٢-٢ پەیوەندییەکانی ڕووسیای فیدرالی و عێراق دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت:**

دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت ٢٦ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٩١، سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیای گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی سۆڤیەت، یەکەم و سەرنجڕاکێشترین سیمای سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیای دوای سۆڤیەت لاوازییە، ڕووسیا چیتر ئەو بنەما ماددییەی نەبوو کە بنەمای پێگەی زلهێز و تەماحە ئیمپراتورییەتەکەی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت. سنوورەکانی باشووری لە عێراق دوورکەوتەوە، لەلایەکی دیکەوە شەڕی درێژخایەنی چیچان و کارەساتی ژێردەریایی "کورسک" شایەتحاڵی کەموکوڕییە زۆر گەورەکانی سوپا و هێزی دەریایی ڕووسیا بوون، ئەو ناوبانگەی پێشتر هەیبوو وەکو جاران لە نێو وڵاتە عەرەبییەکان نەما، بەگشتی دەتوانین ساڵی( ١٩٩١ تا ١٩٩٣)ناوی بنێین قۆناغی ملکەچبوونی ڕووسیا بۆ ئیرادەی ئەمریکا(المهداوي، مجلة الدراسات الدولية، العدد٤١، ٢٠٠٩، ص٣.)، لە ئەنجامی دوو فاکتەر هاتە ئاراوە، یەکەمیان بریتییە لە: دارمانی پەیوەندییەکانی هێزی ستراتیجی کۆن پەیوەست بوو بە هاوسەنگی فاکتەرەکانی دەسەڵاتی ئابووری و سەربازی، ڕووسیای فیدراڵی، میراتگری یەکێتی سۆڤیەت، لەم فاکتەرانەدا دواکەوت و دەستی کرد بە ژیان لە پەیوەندییەکی نا هاوسەنگی لەگەڵ ئەمریکا، ئەمەش ڕێگەی بە ئەمریکادا ڕۆڵێکی زیاتر بگێرێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەری نێودەوڵەتی زیاتر بێت دووەم: هۆکارێکی گرنگ کە کاریگەری لەسەر گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی دوای سۆڤیەت هەبوو، ئەو ڕاستییە بوو کە بۆریس یێلسین(Boris Yeltsin)(١٩٩١-١٩٩٩) بە شێوەیەکی سەرەکی کەسانی نیولیبراڵ و لایەنگری ڕۆژئاوایی لەخۆگرتبوو، لە نێو ئەوانەدا یەکەم وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ئەندرێ کۆزیرێڤ(Andrei Kozyrev)(١٩٩١-١٩٩٦) بوو، پێیوابوو ڕووسیا دەبێ پەیوەندی بە "جیهانی شارستانی رۆژئاوا" وە بکات( Хитрухина , Москва, 2003, C68). ئەو پابەند بوو بە ئاراستەیەکی لایەنگری ئەمریکا کە بە ڕوونی دیاربوو. بەم شێوەیە، سەرۆکی بەشی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا کۆزیرێڤ گوتی: بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ڕووسیا دەبێ بخرێنە ژێر ئەرکی مێژوویی گۆڕینی ڕووسیا لە زەبەلاحێکی مەترسیداری ئۆراسیا بۆ بەشداربوویەک لە ناوچەی ڕۆژئاوای هاوبەشی خۆشگوزەرانی( Независимая, газета, 19.04.1994; Хитрухина , Москва, 2003, C4). داوای 'هاوبەشییەکی بنیاتنەر' لە نێوان ڕووسیا و ئەمریکادا کرد 'بۆ ئەوەی کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕەوتی کاروباری جیهانی هەبێت، لە لایەکی دیکەوە لە پێناو بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ڕۆژئاوایی و هاوکاری ئابووری بۆ چاکسازی ئابووری و ڕێنماییکردنی بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ وەک بەهایەکی باڵا لە گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا، بەهۆی ئەم دوو هۆکارەوە ڕووسیا زیاتر ملکەچی ئیدیعاکانی ئەمریکا بوو لە پرسە سیاسیە نێودەوڵەتیەکاندا(Bobo Lo, 2002, P20).

سەبارەت بە پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ عێراق، لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، بەغدا بەردەوام بوو لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و تێکەنەدانی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ڕووسیا فیدڕالی وەک جێنشینی یاسایی یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام ڕووسیا لە دۆخێکی باشدا نەبوو بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق بەهێز بکات، بە خراپترین قۆناغەکانی مێژووی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و عێراق دادەنرێت(فرحان، دراسات السياسية و استراتيجية، العدد٤٥، ٢٠٢٢، ص٨١.) ، هەر زوو دوای گەردەلولی بیابانی ساڵی ١٩٩١، قۆناغێکی نوێ لە سیاسەتی مۆسکۆ لەم ناوچەیەدا دەستی پێکرد: دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ

دەوڵەتە پاشایەتییە عەرەبییەکانی کەنداوی فارس(بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنجی لەسەر پاداشتی ئابووری بوو) و کارلێککردن لەگەڵ ڕژێمە میانڕەوەکان لە جیهانی عەرەبی و ئیسرائیل چڕتر بووەوە. ئەمەش بووە بنەمای لێک نزیکبوونەوەی سیاسی نوێ لە نێوان مۆسکۆ و واشنتۆن( Шумилин, Москва, 2004, С67.) ، دوای کۆتاییهاتنی گەردەلوولی بیابان و تا ساڵی ١٩٩٣ پەیوەندی سیاسی نێوان مۆسکۆ و بەغدا لە تەنها لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکانەوە ئەنجام دەدرا( Хоссам Еддин, Международные отношения, №. 1, 2010, С50.). چونکە لە ئەگەری پشتگیریکردنی رژێمی عێراق مەترسی لەدەستدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتە پاشایەتییە دەوڵەمەندەکانی کەنداو هەبوو، کە پێشتر سیاسەتی چالاکانەی سۆڤیەت ئامانجی دەرکردنی عێراق بوو لە کوەیت، دەکرێت پاداشتی سعودیە بۆ ڕووسیا گەڕاندنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی بووبێت، بەڵام دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی کەنداویش کارێکی ئاڵۆز بوو، چونکە ئەمریکا پێگەی خۆی لەم ناوچەیە بەهێز کردبوو بەتایبەتیش لەم قۆناغە ڕووسیا بەشێك لە ناوبانگی لەدەستدا بوو، ئاسان نەبوو دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، ئەندرێ کۆزیریێڤ و سیاسەتمەدارە کاریگەرەکانی تری دەوروبەری سەرۆکی ڕووسیا ب.یەڵتسین هەوڵیاندا خۆیان لە هەر جۆرە پەیوەندییەک بە ڕژێمی عێراق بەدوور بگرن لە پێناو بەدەستهێنانی ناوبانگی نێودەوڵەتی و نزیك بوونەوە لە ئەمریکا، تەنانەت شتەکان ئەوەندە دوور ڕۆیشتن باڵیۆزی عێراق گلەیی لە کۆمەڵێک پەرلەمانتاری ڕووسیا کرد، کاتێک دەیویست دانوستان لەسەر گەڕاندنەوەی قەرزە ٧ ملیار دۆلارییەکانی ڕووسیا دەستپێبکات، هیچ کام لە سیاسەتمەدارانی ڕووسیا ئامادە نەبوون دابنیشن و گفتوگۆ لەسەر قەرزەکان بکەن(.Хазанов, Москва, 1993, С6). لە ترسی ئەوەی نەوەک تۆمەتباریان بکەن بە هاوکاریکردن لەگەڵ عێراق.

دوای داگیرکردنی کوەیت ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کردەوەکانی عێراقی بە دەستدرێژی ڕاستەوخۆ ناساند و بە پێی بڕیارنامەی ژمارە ٦٦١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سزای ئابووری بەسەر عێراق سەپێندرا. هەموو جۆرە مامەڵەیەکی بازرگانی یان دارایی، پێدانی قەرز، هەروەها هاوکاری ئابووری قەدەغەکرد، بڕیارنامەکە بڕگەیەکی جیای لەخۆگرتبوو سەبارەت بە دابینکردنی چەک یان کەرەستەی سەربازی بۆ عێراق قەدەغە کرد. تەنها بەدەر(الاستثناء) بۆ دابینکردنی ئەو کاڵایانە کرد بۆ مەبەستی پزیشکی بەکاردێت، هەروەها بەرهەمە خۆراکییەکان کە وەک بەشێک لە یارمەتییە مرۆییەکان ڕێگەی پێدرا، بڕیارنامەکانی ژمارە ٦٦٥ و ٦٦٦ و ٦٧٠ گەمارۆی ئابووری عێراقیان توندتر کرد و کۆنترۆڵی توندی بۆ گواستنەوەی ئاسمانی و دەریایی هێنایە ئاراوە( Мелкумян, Москва, 2003, С5.). ڕووسیا پابەند بوو بە سنووردارکردنی بازرگانی و ئابووری، هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانانی ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی سزاکانی سەر عێراق، وەک بەشێک لە بڕیار و ڕێوشوێنەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان( Подцероб, Вестник МГИМО, №5(14), 2010, С168.).

**٣-٢ :هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت(ڕووسیا) بەرامبەر پرسە ناوەخۆییەکانی عێراق بەتایبەتی پرسی کورد(١٩٩٠-١٩٩١):**

ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩١ یەکێتی سۆڤیەت تووشی قەیرانێکی قووڵی سیاسی و ئابووری بوو، کاریگەرییەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی بەرچاو لاوازبوو. پاڵپشتی چالاکانەی بۆ پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان نەما. حزبە کوردییەکان بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەردەمی مستەفا بارزانییەوە پەیوەندیەکی مێژوویی لەگەڵ سۆڤیەت هەبوو، هاوکارییەکی بەرچاوی ڕاستەوخۆی

مۆسکۆی پێنەگەیشت. یەکێتی سۆڤیەت هاوپەیمانێکی تەقلیدی ڕژێمی سەدام حوسێن بوو. لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا، لە پێش جەنگی کەنداو و دوای (١٩٩١)، سەرکردایەتی سۆڤیەت هەوڵیدا ڕۆڵی ناوبژیوانی نێوان عێراق و ڕۆژئاوا ببینێت، ئەمەش بە واتای وریابوون لەگەڵ کورد بۆ ئەوەی بەغدا توڕە نەکات. دوای شکستی عێراق لە شەڕی کوەیت، کورد لە باکووری عێراق لە دژی سەدام حوسێن ڕاپەڕین، یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری لەم ڕاپەڕینە نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە داوای یەکپارچەیی خاکی عێراقی کرد، سەرەڕای کارەساتی مرۆیی (کۆڕەو)، یەکێتی سۆڤیەت هیچ ڕۆڵێکی بەرچاوی نەبوو لە پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی و پشتیوانی سیاسی بۆ کورد. دیپلۆماسی سۆڤیەت لێدوانی دژ بە دەسەڵاتدارانی عێراق نەدەدا، چونکە یەکێتی سۆڤیەت هێشتا پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ڕژێمی سەدام حوسێن دەپاراست، لە لایەکی دیکەوە خودی سەرکردایەتی سۆڤیەت ڕووبەڕووی سەرهەڵدانی بزووتنەوە نەتەوەییەکان ببوویەوە (لە باڵتیک و قەفقاز و هتد) و هەر بۆیەش لە بابەتی جیابوونەوە لە پرەنسیپدا وریا بوو. لە چوارچێوەی دارمانی سیستەمی سۆسیالیستی و شکستەکانی سیاسەتی دەرەوەدا، دیپلۆماسی سۆڤیەت کاردانەوەی هەبوو نەک چالاکی. هەرچەندە هەوڵیدا کاریگەری خۆی لە عێراقدا بپارێزێت، بەڵام ئیتر سەرچاوە و ئیرادەی بەشداریکردنی لە پشتیوانی ڕاستەقینەی هیچ لایەنێکدا نەبوو( Сергей Маркедонов Журнал, Неприкосновенный запас » №4, 2011,.).

دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١، ڕووسیا خۆی بە کێشە ناوخۆییەکانەوە سەرقاڵ کرد و کاریگەرییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی. لەم ماوەیەدا عێراق لە ژێر گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو. هێڵی ٣٦" سنوورێکی جوگرافی باکوور، کە لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا دوای جەنگی کەنداو (١٩٩١) دامەزراوە. ئامانج ڕێگریکردن بوو لە تۆڵەسەندنەوە لە کورد لەلایەن سوپای ڕژێمی سەدام حوسێنەوە. ناوچەی قەدەغەکردنی فڕین" (ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئارامی(چاودێری باکوور) ناسێندرا، هەرێمی کوردی لە شارەکانی(دهۆک، هەولێر، سلێمانی)، کە ئۆتۆنۆمی دیفاکتۆ سەریهەڵدا، لەدەرەوەی کۆنترۆڵی بەغدا بوو، کە خۆی لە داوای ئۆتۆنۆمی فراواندا سنووردار کرد. پریماکۆڤ دەڵێت ئەم شێوازە لە لایەن یەکێتی سۆڤیەت و پاشانیش ڕووسیا پاڵپشتی کرا، چونکە ترسی لە هەڵوەشانەوەی عێراق هەبوو (.Примаков, Москва, 2006, С340)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووسیا (وەک یەکێتی سۆڤیەت پێش خۆی) بە فەرمی دانی بەو قەوارە کوردیە دانەنا کە باکوری عێراق بۆ بەدەربازبوون لە بەغدا دروستکرابوو. مۆسکۆ هێڵی ٣٦ی بە دەستێوەردانی نایاسایی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا و پێشێلکردنی سەروەری عێراقی دەزانی، دژایەتی سیاسەتی**"ناوچەی دژە فڕین"**ی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکێکی لەو شێوەیەیان دابین نەکردووە، نوێنەرانی ڕووسیا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین جار جەختیان لەوە دەکردەوە، ئەو ڕژێمەی لە باکور هێلی٣٦ دامەزراوە، لەسەر بنەمای بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش نییە و نوێنەرایەتی دابەشکردنی دیفاکتۆی عێراق دەکات(МИД,№ 2376-19-11-2002)[٤]، لازاریڤ دەڵێت: **لە ساڵانی نەوەدەکان ڕووسیا بەشداری لە سیاسەتی جیهانی بەرامبەر بە کورد نەکرد و هەڵوێستی فەرمی خۆی لەسەر پرسی کورد نەخستە ڕوو، مۆسکۆ هیچ بەرژەوەندییەکی لە کوردستان نەبوو، بەهۆی نەبوونی سیاسەتێکی یەکگرتووی لە دەرەوە، ڕووسیا لە "قۆناغێکی ئینتقالی خۆیدا" خەملاندنێکی گرنگی ئەم پرسەی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی نەکرد"**(. .Лазарев, Москва, 2001

٤ تەنانەت تاوەکو ئێستاش لەدامودەزگاکانی خوێندنی باڵا و باڵیۆزخانە و قونسوڵخانەکانی ڕووسیا ناوی(هەرێمی کوردستانی عێراق)، بە هەرێمی ئۆتۆنۆمی ناودەبرێت.

№ 1, C55). هاوکات سەرکردەکانی ڕووسیا و دیپلۆماتکارانی ڕووسیا چەندین جار ڕایانگەیاند ڕووسیا لە ئێستادا قۆناغی دامەزراندنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی تێپەڕاندووە. لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا (بە پێچەوانەی ئەمریکا)، هیچ ڕەچاوێکی کوردیان نەکردبوو. یەکێک لە "لایەنە نەرێنییەکانی ڕێبازی ڕووسیای مۆدێرن بۆ پرسی کورد"، بە گوتەی م.س. لازاریڤ، "نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان دەزگا جیاوازەکانی حکومەتدا بوو(Там же, C55). هێزە چەپەکانی لایەنگری کۆمۆنیست کە لە ناوخۆدا گەشەیان کردبوو، بە ئاشکرا هاوسۆزی خۆیان بۆ ڕژێمی دیکتاتۆریەتی سەدام حوسێن نیشان دەدا، بەمەش زیانێکی بەرچاو بە شکۆمەندی ڕووسیا لە نێو کوردەکاندا گەیاند، کوردەکان باش دەیانزانی ئەوە دەسەڵاتدارانی ڕووسیا بوون بۆ چەندین ساڵ پشتیوانی "**ڕژێمی سەدام حوسێن**"یان کرد. بۆ وەزارەتی دەرەوە و سەرکردەکانی ڕووسیا، ڕژێمەکەی سەدام حوسێن دیکتاتۆر نەبوو، بەڵکو ڕەوا و هاوبەش بوو. دابەزینی شکۆمەندی ڕووسیا لە کوردستان ئاسانکاری بۆ سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی ڕووسیا کرد بۆ ئەوەی کەمترین لێدوان لەسەر پرسی کورد لە عێراق بدەن(Там же, C55). بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمریکا، فەرەنسا، ئینگلتەرا، ئەڵمانیا و زلهێزەکانی تری ڕۆژئاوا سیاسەتی کوردی خۆیان بە شێوەیەکی زیاتر چڕکردەوە. ڕووسیا هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ کام لەم ڕووداوانە نەبوو لە ناوخۆی عێراق ڕوویاندەدا. بەتایبەتی بەرامبەر بە کورد هیچ هەڵوێستێکی ڕوونی نەبوو( Лазарев, «Известий»,1993, 6 октября, № 190(24045.)لازاریف دەڵێت لەو ماوەیەدا مۆسکۆ کاتی بۆ کورد نەبوو(Лазарев, Москва, 2001. № 1, C52 ).

لە ڕاستیدا سیاسەتی ڕووسیا بەرامبەر بە کوردستانی باشوور لە ساڵانی نەوەدەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر هاوکات بوو لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا، کە ئامانجی سرکردنی "کێشەی عێراق" بوو بۆ ماوەیەکی نادیار، و بە بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ڕووسیا تا ڕووخاندنی سەدام حوسێن دیاری کرا. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە دیپلۆماسیەتی ڕووسیا لە ساڵانی نەوەدەکان دەرفەتێکی بۆ ڕەخساوە بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ کورد دروست بکات و دەسەڵاتدارانی عێراقیش دژایەتی ئەم کارەیان نەدەکرد و مۆسکۆ ڕێگری نەدەکرد لە پەیوەندی نافەرمی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان- پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە پێی یاداشتی هەندێک لە سەرکردەکانی کورد لە ساڵانی نەوەدەکان دپلۆماتکارانی ڕووسیا هەوڵیانداوە پەیوەندی نافەرمی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد ببەستن( Мосаки, Ислам на Ближнем и Среднем Востоке, №5, 2010, C177.)، بەڵام بەهۆی ئەو ئەزموونەی مستەفا بارزانی و سەرکردەکانی کورد پێشتر لەگەڵ سۆڤیەت کردبوویان متمانەیان بە دەسەڵاتدارانی ڕووسیا نەبوو، لە لایەکی دیکەوە سەرکردەکانی کورد ترسی ئەوەیان لە لا دروست بوو، ئەو دپلۆماتکارانە کاری سیخوڕیان بەسەرەوە دەکەن.

## ئەنجام

### لە کۆتایی توێژینەوەکە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە

١. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩١ سیاسەت و هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر عێراق پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، کە هەم گۆڕانکارییەکانی دۆخی نێودەوڵەتی و هەم گۆڕانکارییە قووڵەکانی ناو خودی دەوڵەتی سۆڤیەت ڕەنگدانەوەی لەسەری هەبوو لەسەر سیاسەتی دەرەوە. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا مۆسکۆ وەک هاوبەشێکی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەیری عێراقی دەکرد،

ئەمەش بووە هۆی بەردەوامبوونی هاوکارییە سەربازییە-تەکنیکییەکان و پشتیوانی سیاسی بۆ بەغدا لە ماوەی شەڕی ئێران-عێراقدا، بەڵام هاوکارییە سەربازییەکانی بەو ئاستە نەبوو ببێتە هۆی یەکلاکردنەوەی جەنگەکە و براوەی یەکەمیش لەو نیوەندەدا یەکێتی سۆڤیەت بوو، چەکی و کەرەستەی سەربازی بەهەردوولایان دەفرۆشت، لە هەمان کاتدا یەکێتی سۆڤیەت هەوڵیدا هەڵوێستی بێلایەنانەی فەرمی بپارێزێت، بانگەشە بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێکان و یەکلاییکردنەوەی سیاسی لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەکرد.

٢. لە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتەمی سەدەی ڕابردوودا، بەهۆی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی هەلومەرجی ئابووری و سیاسی یەکێتی سۆڤیەت، کە خۆی لە میتۆدی دووبارە بنیاتنانەوەی وڵاتەکە لەلایەن گۆرباچۆڤەوە دەبینیەوە. مۆسکۆ زیاتر پشتی بە ڕێوشوێنە یاساییە نێودەوڵەتییەکان بەست و سەرکۆنەی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی دەکرد و پشتگیری لە بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە چەمکی بێلایەن دەکرد، لە هەمانکاتدا خۆی لە تۆمەتبارکردنی ڕاستەوخۆی عێراق بەدوور دەگرت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ گۆڕینی وردە وردەی یەکێتی سۆڤیەت لە پراکتیزەکردنی پشتیوانی بێ مەرج بۆ ڕژێمە هاوپەیمانەکان بۆ بەرژەوەندی هاوسەنگی دیپلۆماسی و هاوکاری لەگەڵ زلهێزە پێشەنگەکانی جیهان. لوتکەی ئەم گۆڕانکارییە لە سیاسەتی سۆڤیەتدا لەگەڵ قەیرانی عێراق لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩١دا ڕوویدا، کاتێک یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی لە بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کە لەشکرکێشی عێراق بۆ سەر کوەیت ئیدانە دەکرد. بەم کارەش مۆسکۆ بە شێوەیەکی کاریگەر دانی بە سەروەری یاسای نێودەوڵەتی دانا لە بەرامبەر پابەندبوونی دوولایەنەکانی پێشوو. بە گشتی سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر بە عێراق لە ساڵانی ١٩٨٠ – ١٩٩١ گۆڕانکاری لە هاوبەشییەکی ستراتیژی پراگماتیکەوە بۆ مۆدێلێکی دوور و یاساییتر لە سیاسەتی دەرەوە نیشاندا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی قەیرانی گشتی سیستەمی سۆڤیەت و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد بوو، بەتایبەتی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت زیاتر ملکەچی ئیرادەی ئەمریکا بوو.

٣. هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت – ڕووسیا لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٠–١٩٩١) بەرامبەر پرسی کورد، بە شێوەیەکی گشتی جیاواز بوو لە سەردەمی مستەفا بارزانی، ئەگەر لە ماوەی ١٩٦٠–١٩٧٠ـەکاندا سۆڤیەت بە شێوەیەکی سنوردار پشتیوانی سیاسی و ڕاگەیاندنی لە بزوتنەوەی کوردی کردبوو، بەڵام لەهەشتاکاندا ئەم هەڵوێستە گۆڕا بۆ سیاسەتێکی زۆر پراگماتیکی و هەژمارکراو کە تێیدا بەرژەوەندییە دوڵەتییەکان پێش ماف و داواکارییە نەتەوەییەکا کەوتن. سۆڤیەت بەردەوام بوو لە پاراستنی پەیوەندییە ستراتیجیەکانی لەگەڵ ڕژێمی سەدام حوسێن، کە یەکێک بوو لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەم هۆیەوە هیچ جۆرە هاوکارییەکی سیاسی و ماددی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پێشەکەش نەکرد، بەڵکو لە زۆر باردا هەڵوێستی سۆڤیەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندییەکانی حکومەتی بەغدا نزیک بوو. ئەمە بە تایبەتی لە ماوەی جەنگی عێراق–ئێران (١٩٨٠–١٩٨٨)دا دیار بوو، بەردەوام بوو لە دابینکردنی چەک و پشتگیرییە سەربازییەکان. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش، هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر پرسی کورد زۆرجار نەرێنی یان لاواز بوو. سۆڤیەت نەک تەنها پشتگیری لە مافە نەتەوەییەکانی کورد نەکرد، بەڵکو لە فۆرمە نێودەوڵەتییەکاندا، وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، هەوڵی دا ئەم بابەتە نەبێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی. ئەمە بە هۆی ئەوە بوو کە سۆڤیەت خۆی لە ناوخۆدا تووشی سەرهەڵدانی بزووتنەوە نەتەوەییەکان بوو، بەتایبەت لە بالتیک و قەفقاز، بۆیە هەر جۆرە پشتگیرییەک لە جیاوازبوون یان خۆبەڕێوەبەری نەتەوەکان بە مەترسی دادەنا. کارەساتە گەورەکانی وەک کیمیاباران و پرۆسەی ئەنفال، کۆڕەوە..هتد، کە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی دژ بە گەلی کورد ئەنجام دەدران، نەبوون بە هۆکار گۆڕینی

هەڵوێستی سۆڤیەت. بە پێچەوانەی تەنانەت ئامادە نەبوو ڕژێمی سەدام حوسێن بە تاوانبار دابنێت یان هەڵوێستێکی توندی سیاسی لە دژی بگرێت.

لە سەرەتای نەوەدەکان، هەرچەندە سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت بە شێوەیەکی گشتی نەرمی زیاتر بەخۆیەوە گرت و جەختی لەسەر مافەکانی مرۆڤ دەکردەوە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر هەڵوێست بەرامبەر کورد نەبوو. پرسی کورد هێشتا لە چوارچێوەی سیاسەتی ناوخۆی عێراق و بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکەکان دەبینرا، نە وەک کێشەیەکی سەربەخۆی نێودەوڵەتی. دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت، ڕووسیا بەشێوەیەکی گشتی لەسەر هەمان ڕێباز بەردەوامی پێدا. هەرچەندە لە هەندێک باردا، لە لایەن کەسایەتی و ناوەندە ئەکادیمیەکان پشتگیریی مرۆیی بۆ کورد هەبوو، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە هیچ پشتیوانییەکی ڕاستەوخۆ بۆ مافە نەتەوەییەکانیان یان داواکارییەکانیان نە دەکرد. بە گشتی، دەتوانرێت بڵێین کە لە ماوەی (١٩٨٠–١٩٩١)دا، هەڵوێستی سۆڤیەت–ڕووسیا بەرامبەر پرسی کورد لە عێراق، لەسەر بنەمای سیاسەتی پراگماتیکی و پاراستنی بەرژەوەندییە دوڵەتییەکان دامەزرابوو، نە لەسەر پشتیوانی لە مافە نەتەوەییەکان.

## لیستی سەرچاوەکان


١.بەڵگەنامەی ئەرشیفخانەکانی ڕووسیا

1. Архив Сахарова Москва, Фонд1, Опись3, Дело 49, Л10.
   ئەرشیفخانەی سەخارۆڤ، مۆسکۆ، فۆند ١، ئۆپس٣، کەیسی ٤٩، لیستی١٠.
2. Российский государственный архив современной истории(РГАСИ), Отдел писем Центрального комитета Коммунистической партии Советского Союза (1953-1991), фонд 100, Опсь 7, Дело 423, Л6
   ئەرشیفخانەی حکومی ڕووسیا بۆ مێژووی هاوچەرخ(ر گ ا س ی)، بەشی نامەکانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمەنیستی یەکێتی سۆڤیەت، فۆند ١٠٠، ئۆپس٧، کەیسی ٤٢٣، لیستی٦.
3. Российский государственный архив современной истории(РГАСИ), Отдел писем Центрального комитета Коммунистической партии Советского Союза (1953-1991), фонд 100, Опсь 7, Дело 423, Л7.
   ئەرشیفخانەی حکومی ڕووسیا بۆ مێژووی هاوچەرخ(ر گ ا س ی)، بەشی نامەکانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمەنیستی یەکێتی سۆڤیەت، فۆند ١٠٠، ئۆپس٧، کەیسی ٤٢٣، لیستی٧.
4. Российский государственный архив современной истории(РГАСИ), Отдел писем Центрального комитета Коммунистической партии Советского Союза (1953-1991), фонд 100, Опсь 7, Дело 423, Л6
   ئەرشیفخانەی حکومی ڕووسیا بۆ مێژووی هاوچەرخ(ر گ ا س ی)، بەشی نامەکانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمەنیستی یەکێتی سۆڤیەت، فۆند ١٠٠، ئۆپس٧، کەیسی ٤٢٣، لیستی٦.

5. Российский государственный архив современной истории(РГАСИ), Отдел писем Центрального комитета Коммунистической партии Советского Союза (1953-1991) РГАСИ, фонд 100, Опсь 7, Дело 423. Л9.

ئەرشیفخانەی حکومی ڕووسیا بۆ مێژووی هاوچەرخ(ر گ ا س ی)، بەشی نامەکانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمەنیستی یەکێتی سۆڤیەت، فۆند ١٠٠، ئۆپس٧، کەیسی ٤٢٣، لیستی٩.

٦. بيان صادر عن وزارة الدفاع الكويتية بشأن الغزو العراقي للكويت، صباح الخميس، ٢ أغسطس ١٩٩٠(وثائق).

**٢. بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا**

7. СССР. Министерство иностранных дел. Вестник Министерства иностранных дел СССР Москва, Международные отношения, 1986-1991.
8. Министерство иностранных дел, В СВЯЗИ С ИНЦИДЕНТАМИ В Т.Н. БЕСПОЛЁТНЫХ ЗОНАХ ИРАКА, 2376-19-11-2002.
9. Министерство иностранных дел Российской Федерации, № 1569-07-07-2003, 07.07.2003.
10. Вестник министерства иностранных дел СССР, № 5(5), 10 октября 1987.
11. Вестник министерства иностранных дел (МИД) СССР, Москва, № 9(9), 10 декабря 1987.
12. Вестник Министерства иностранных дел (МИД) СССР, Москва, международные отношения, № 2(2), 26 августа 1987.
13. Вестник, министерства иностранных дел СССР, Москва, международные отношения, № 1(1), 5 августа, , 1987.

٣. سەرچاوەکان (کتیب)بە زمانی ئینگلیزی و ڕووسی

14. Helen Belopolsky, **Russia and the Challengers: Russian Alignment with China, Iran,** and Iraq in the Unipolar Era, Palgrave Macmillan UK, Year: 2009.
15. Smolansky O., Smolansky B. **The USSR and Iraq. Th e Soviet Quest for Influence**, London: Duke University Press, 1991.
16. Bobo Lo**, Russian Foreign Policy in the Post-Soviet Era Reality**, Illusion and Mythmaking, PALGRAVE MACMILLAN, 2002
17. Александр Белоногов, **МИД. Кремль. Кувейтский кризис, Замминистра министрах дел СССР рассказывает**, Москва, ОЛМА-пресс, 2001.
18. Горбачев М.С., **Жизнь и реформы**. Книга2, Москва, Новости, 1995.
19. Кузнецов Д.В., **проблемы ближнего востока и общественное мнение**, часть II иракский кризис Благовещенск Издательство БГПУ 2009.

20. Леонид Млечин, **Шок и трепет Кто следующий?**, Москва : Яуза : Эксмо, 2003.

21. Мелкумян Е.С., **Иракский кризис: определение основных позиций, иракский кризис**, Международный и региональный контекст Материалы «круглого стола». Апрель 2003. Институт стран Азии и Африки при МГУ , Москва, 2003.

22. Мирзоев К.И. **Курды. История и современность. Том 1. Курды**. На перекрестках истории Алматы: Улагат, 2016., 2016.

23. Примаков, Е. М., **Годы в большой политике**, Москва, 1999.

24. Примаков.Е., **Ближний Восток на сцене и за кулисами (вторая половина XX - начало XXI века),** Москва, «Российская газета» 2006.

25. Соловьева И. А. **Ирано-иракская война и Организация Объединенных Наций**, материалы VIII Всероссийской научной конференции, г. Екатеринбург, 2007.

26. Хазанов Анатолий Михайлович, **Восток и Россия на рубеже XXI века, ин-т востоковедения ран**, Москва, 1998.

27. Хазанов М., **К постановке вопроса: интересы и приоритеты России в Азии, Россия-СНГ-Азия**, Москва, 1993, С6.

28. Хитрухина Ю. П., **Политика России(СССР)на ближнем востоке(на примере российско-иракских отношении(1979-2003гг.)**, диссертация на соискание ученой степени. Кандидата исторических наука, Москва, 2003.

29. Черняев А.С., **дневник двух эпох (1972—1991 годы),** Москва, РОССПЭН, 2010.

30. Шумилин, А. И., **Механизмы взаимодействия России и США на ближнем востоке**, **США на ближнем востоке, Доктрина буша действии**, Москва, 2004.

31. Прозорова Галина Константиновн, **Иракский кризис и Россия, дипломатический ежегодник 1999, Москва, Научная книга**, 1999.

٣.گۆڤارەکان بەزمانی ئینگلیزی و ڕووسی

32. Tareq Y. Ismael, Andrej Kreutz, **Russian Iraqi relations: a historical and political analysis,** Arab studies Quarterly, Vol. 23, No. 4 (Fall 2001).

33. Абалян Анна Игоревна, **"Ирано-иракский вооруженный конфликт 1980-1988 гг. И его влияние на систему международных отношений на Ближнем Востоке"** Вестник Санкт-Петербургского университета. Международные отношения, №. 2, 2015.

34. Белоусова К.А.. **"Ирано-иракская война (1980-1988) и политика США в Ираке"** Вестник Рязанского государственного университета им. С. А. Есенина, №. 2 (12), 2005.

35. Ильина Ю.И., "**Роль курдского фактора в контексте Ирано-Иракских отношений**" Свободная мысль, №. 1 (1673), 2019.

36. Лазарев. С., **Россия и Курдистан (Уроки истории и новые задачи), Курдский альманах**. Москва, 2001. №1.

37. Мирный Д.С., **вмешательство СССР и США в ирано-иракскую войну 1980–1988 гг.,** евразийская, адвокатура, 32 6 (37) 2018.

38. Мосаки Н.З. **Россия и иракские курды , Ислам на Ближнем и Среднем Востоке**, №5, 2010.

39. Подцероб А. Б., **Россия и кризисные ситуации вокруг Ирака: история и современность**, Вестник МГИМО, №5(14), 2010.

40. Полынов М.Ф., «**Я очень доволен проделанной работой**...». переговоры Дж. Буша и М.С. Горбачёва в Хельсинки 9 сентября 1990 г., общество. среда. развитие, №: 3, 2015.

41. Раку Максим Валерьевич, **"«Исламский фактор» в советско-иранских отношениях (1979 - первая половина 1980-х гг. )"** Вестник Московского университета. Серия 8. История, №. 6, 2009.

42. Сергей Маркедонов, **Конфликты на Кавказе: советская прелюдия**, Журнал Неприкосновенный запас » №4, 2011.

43. Хоссам Еддин, Салум**, Кувейтский кризис 1990-1991 годов и его влияние на Иракско-российские отношения**, Вестник Российского университета дружбы народов, Серия: Международные отношения, №. 1, 2010, С50.

44. Щевелев С. С., **реакция мирового сообщества на иракское вторжение в кувейт в 1990 году: ретроспективный взгляд российских востоковедов,** ученые записки крымского федерального университета имени в. И. Вернадского, Серия исторические науки, том 5 (71), № 2. 2019 г.

٤. سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی و کوردی

٤٥. بريجنسكي، زبيغنيو ، **رقعة الشطرنج الكبرى: السيطرة الامركية وما يترتب عليها جيواستراتيجها الجغرافية،** ترجمة أمل الشرقي، دار النشر الأهلي، عمان، ١٩٩٧.

٤٦. الحمد، تركي، **الغزو، الاسباب الموضوعية والمبررات الايدولوجية، الغزو العراق للكويت**، مجلة، عالم المعرفة، مارس، ١٩٩٥.

٤٧. الصبروتي، عبدالفتاح ، **الحقائق الخافية في الحرب العراقية الإيرانية، الحرب القذرة**، بدون مكان- سنة طبع.

٤٨. غودمان، ميلفين ، **موسكو والشرق الأوسط في التسعينيات، تحدي الشرق الأوسط ما بعد الحرب** ، ت: عبد الله جمعة الحاج، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ١٩٩٢.

٤٩. تريب، چارلس ، **چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق**، وەرگێرانی محەمەد حسن، عبدالقهار کەلهوڕ، هەولێر، ٢٠١٣.
گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی
٥٠. الطير، رهف، **العلاقات السوفيتية العراقية، بين عامى ١٩٤٥-١٩٩١**، مجلة الدراسات التاريخية، ٣٧-١٤٤، ٢٠٢١، ص٢٠٥.
٥١. فرحان، شيماء معروف، **مستقبل العلاقات العراقية ـ الروسية، مركز دراسات السياسية و استراتيجية**، العدد٤٥، ٢٠٢٢.
٥٢. المهداوي، مثنى علي حسين، **أثر المتغير الأمريكي في العلاقات الروسية-العراقية المعاصرة**، دراسات دولية، العدد٤١، ٢٠٠٩.

.ڕۆژنامەکان

53. Газета правда, 24.06.1986.
54. Газета Известия, 2 сентября 1990 года.
55. Рабочая Трибуна, 14.10.1990.
56. New-York Tim, 20.11.1990
57. TACC, 26.11.1990.
58. Независимая, газета, 19.04.1994.
59. Газета Времия новсти, 07.05.2003.
60. «Известий» 1993. 6 октября, среда.№ 190(24045).
61. Газета Правда, 1988, №79(25431)

سایتەکان

62. Организация Объединенных Наций , Совет Безопасности, S/PV.2825, 26 August 1988, https://main.un.org/securitycouncil/ru/content/resolutions-adopted-security-council-1988.
63. Белоногова А. М. "МИД, Кремль, кувейтский кризис". https://ed-glezin.livejournal.com/1035386.html.
64. Юлия хитрухина, СССР и кувейтский кризис 1990 года, обозреватель - observer 2003 №9 (164), https://militaryarticle.ru/obozrevatel/2003-obozrevatel/13344-sssr-i-kuvejtskij-krizis-1990-goda
65. официальные документы ООН Резолюция СБ ООН № 620 (26 августа 1988 г.) https://documents.un.org/doc/undoc/ltd/n21/289/59/pdf/n2128959.pdf
66. Павел Палажченко, Советско - американский саммит в Хельсинки. 1990 год. https://ed-glezin.livejournal.com/1035386.html

67. Mohammad Khalid Ali, Why did Israel Attack Iraq in 1981?, 25, June 2015, p2, https://www.researchgate.net /publication/302880023_Why_did_Israel_Attack_Iraq_in_1981, February 2015
68. Andrew Shahbn, Introduction to the Middle Eastern History25, June 2015
69. https://cyberleninka.ru/article/n/rossiya-i-krizisnye-situatsii-vokrug-iraka-istoriya-i-sovremennost/viewer
70. کتابخانه » صحیفه امام خمینی » جلد ۱ » صفحه ٤٢، https://farsi.rouhollah.ir/library/sahifeh-imam-khomeini/vol/1/page/420